# تووتنی چرووت

دڵشاد عەبدوڵڵا

هەولێر ٢٠١٧

تووتنی چرووت — شیعر
دڵشاد عەبدوڵڵا
چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠١٧
نەخشاندنی بەرگ و ناوەوە: سۆران عەبدولڕەحمان
ژمارەی سپاردن:    /٢٠١٧- هەولێر — کوردستان
هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە

# دنیا غەمگینترە لەوەی خەونی پێوە دەبینم

بۆ ڤێننا سەلام و ئاوارە نەجم

*" گەڵاکانی - تووتنی چرووت – هەندێکیان بەرهەمی کۆنن،*
*ئەوانی تر لە ناوەڕاستی ٢٠١٥ ەوە تا سەرەتای ٢٠١٧ پشکوتوون و پێگەیون و*
*لوولدراون و خراونەتە پاکەتی کتێبەوە " .*
*بە ئومێدی مانەوەن، پێویست بە ساڵی تێکچوونیان ناکا .*

# بەیانی شیعریی پێشڕەو

سەرەتای ڕاستەقینەی ئەزموونی شیعرییم لە١٩٧٧ەوە دەستپێدەکا. ئەوکاتە لەبەغداد قوتابی بەکالۆریۆس بووم. چەند ساڵێک پێشتر بەرهەمم نووسیوە، بەڵام وەکو هەموو سەرەتایەک کاڵ وکرچ بوون.

بەغداد شارێکی پڕجموجۆڵی ئەدەبیی بوو. سەرەڕای کتێبخانە باشەکانی بۆ ئەو سەردەمەی ئێمە، ژیانیش تێیدا دەوڵەمەند بوو بە ئەزموونی هەمەجۆری بینین و پەیوەندی و موغامەرە وکرانەوە.

ساڵی ١٩٧٤ دۆخی کوردستان تێکچوو. شەڕ دەستی پێکردەوە. بێ ئەوەی هۆیەکی دیاریکراو هەبێ وازم لە خوێندن هێنا و چوومە ناوچەی ئازاد. دواترکە شۆڕش شکستی خواردگەڕامەوە سەر خوێندن. ئەزموونی ئەو ساڵە و ژیانی سەختی شاخ،کاریگەری ئەرێنی هەبوو لە دروستکردنی کەسایەتیمدا.

ئەو کاتە لە ڕێکخراوێکی چەپ کارم دەکرد، بەڵام هەست و هۆشی ڕاستەقینەم شیعر بوو، دەمزانی خۆ خەریککردن بەکاری سیاسییەوە زیان لە ژیانی ئەدەبیم دەدا، نموونەی گۆران و ئەحمەد هەردیم لەخەیاڵ بوو.

هاوینی ١٩٧٧ ئیتر بڕیارم دا بە یەکجاری واز لەکاری سیاسی بێنم و خۆم تەرخان بکەم بۆ شیعر . هێشتا دوو ساڵی خوێندنم مابوو لە بەغداد.

لەگەڵ شکستی حەفتاوچوار فەوزای دەرەوە نیشتەوە. زەمەنی باوی دەرەوە هەرەسی هێنا و فەوزا و زەمەنی وجودی ناوەوە دەستیپێکرد. زەمەنی هزری کۆن کەوت و زەمەنی کرانەوە هات. لە شیعردا، ئەو ڕیتمە باوەی هەبوو لە گۆرانەوە، تینوویەتی نەدەشکاند. دەبوو بە دوای ڕیتمێکی نوێدا بگەڕێین کە هەڵگری زەمەنی ناوەوە بێ بە هەموو تاریکی و درەوشانەوەکانیەوە. لەو سەروبەندەدا باوەڕێکم لا دروست بوو کە میللەتانی وەکو ئێمە دەتوانن لە ڕێی ئەفراندنەوە چاکتر درێژە بە بەرگری و مانەوە بدەن. ئەزموونی ئەدەبی ئێرلەندا شایەتحاڵێکی گونجاو بوو،کە چۆن لە کلاوڕۆژنەی بەرهەمەکانی ییێتس و جۆیس و پیکیتەوە جیهان هێنرایە ناو ئێرلەنداوە بۆ ناسینی ئازارەکانی.

ئەو ماوەیە نازانم لە ژێر کاریگەری کام شاعیردا بوو کەوتمە نووسینی هەندێک دەق دوای خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدیبانی تر، وەکو دەقی (یەکەم چرا لە ماڵی کاترینا هەڵدەکرێ و دوا چراش لە ماڵی کاترینا دەکوژێتەوە) دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی (مەرگ و ئازادی) کازانتزاکی و هەروەها (شەوێکی سارد) دوای خوێندنەوەی (دکتۆر جیفاکۆ)ی باسترناک و چەند بەرهەمێکی تریش. ئەم بەرهەمانە جۆرێکن لە دەقئاوێزانی، هەروەها خۆ بەستنەوەیشن بە ڕەوتێکی ئەدەبیی جیاواز کە لە شیعری کوردیدا نەبوو.

ساڵی ١٩٧٨ کە دوا ساڵی خوێندنم بوو لەگەڵ ع . ع . یووسف و جەلال بەرزنجی بە سێیان پڕۆژەیەکی شیعرییمان ئامادەکرد بەناوی ژمارە ( ٣ ) و بڕیارەکەمان وابوو هەر ژمارەیەکی تەرخان بکەین بۆ بەرهەمی سێ شاعیر لەوانەی بەرهەمەکانیان هاوچەرخن ، یەکەم

ژمارەمان لە خۆمانەوە دەست پێکرد. لە ماڵی ع.ع.یووسف کۆبووینەوە لە هەولێر(گەڕەکی گڵکەندی پشت ئوتێل شیراتۆنی ئێستا و هەر ئەویش لە ناوماندا ژنی هێنابوو).

پاش ئامادەکردنی پڕۆژەکە دامان بە دائرەی ڕەقابەی عیراقی، ئەوسا شێوازی بڵاوکردنەوە وابوو. دوای ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی ڕەقابەی عیراق پڕۆژەکەی داینەوە و مۆری قەدەغەی لێدرابوو لە ژێر مۆرەکەشدا نووسرابوو ئەم بەرهەمە تێکدەرانەیە و نابێ بڵاوبێتەوە .

ساڵێک دوای دەرچوونم لە زانستگا بێکار مامەوە و زۆربەی کاتم بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخانکرد. قەناعەتێکی سەیرم لا دروست ببوو، دەمووت، ئەگەر بەرهەمی من هیچ ئیزافەیەک نەکا بۆ سەر ئەزموونی شاعیرانی جیهان بۆ بڵاویان بکەمەوە! ئەم قەناعەتە لای خراپی ئەوەبوو بەشێکی بەرهەمی ئەوکاتەم دڕاند یان لە بنچینەدا نووسینیانم دوا خست. یەکێک لەو دەقانەی ئاگری ئەو قەناعەتە گرتیەوە دەقی (کۆلارە)بوو. ڕەنگە هەندێک لە برادەران ئەم دەقەیان لە یاد بێ چونکە لە دانیشتنەکاندا خوێندبوومەوە. شیعرەکە دوای هەرەسی حەفتاو پێنج نووسیبووم. دەقێکی تر بە ناوی (گورگ ) کە ئێستا بەشێک لە دەستنووسەکانیم ماوە و زۆر لە برادەرانیش گوێیان لێی بووە، لەوانەی ئێستا لە خەیاڵمدان، شێرکۆ بێکەس کە بە دەستخەتی خۆی بۆی نووسیمەتەوە بەڵام ڕیتمی گۆڕیوە چونکە ئەو پێی وابوو ڕیتمی نییە لەکاتێکدا من وەکو قەسیدەی پەخشان نووسیبووم و ڕیتمی باوی شیعری کوردیم جێهێشتبوو. هەروەها مەحموود زامدار وسەلاح شوان و

محەمەد موکری و جەلال بەرزنجی و قەرەنی جەمیل وفازیل جاف و ئازاد مەولوود ....برادەری تریش کە ئێستا نایەنەوە یادم .

سالّی ١٩٨٠ جەنگی عیراق و ئێران هەڵگیرسا و هەریەکە بە جۆرێک گرفتاری دەستی ئەو جەنگە بووین.

من لەکەڵەکی یاسین ئاغا فەرمانبەر بووم، بینای دائرەکەمان لەسەر گردێک بوو، جارجارە لەوێ دەمامەوە و لە خوار دائرەکەمان شوێنێکم بۆ مانەوەی خۆم ڕێکخستبوو. ئێوارە بوو لە چیمەنەکەی بەر دەمی ئەو شوێنە دانیشتبووم کە شیعری (کۆتایی) م بۆ هات! بە ڕاستی هاتن بوو چونکە دەتووت بروسکەیە لێمیدا . دەقەکە لە دوو پەرەگراف پێکدێ یان دوو کۆپلە، بەداخەوە لە کاتی چاپکردنی کتێبی (بەفرنووس) دا هەر کۆپلەیەکیانم دۆزییەوە لە ناو دەستنووسەکانمدا، دوای گەڕان و پشکنینی زۆر تەواوی دەقەکەم دۆزیەوە.

ئێمە چەند برادەرێک بووین خەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ببوو بە قەزیەمان، لە تەک ئێمەشدا چەند برادەرێکی تری هونەرمەند و ڕۆشنبیری شارەکەم هەبوون و بەیەکەوە دانیشتنەکانمان گەرم بوو بەگفتوگۆی فیکری و ئەدەبی بە درێژایی سالّانی هەشتاکان. لەو ماوەیەدا هەندێک وێستگەی جیا لەسەر ئاستی کەس و گشتی هەن کە مایەی لەسەر وەستانن، یەکێک لەو وێستگانە بڕیاری بلّاوکردنەوەی بەیانێکی شیعریی بوو، هەرچەند ناوێکی دیاریکراو پێشنیاز نەکرابوو بەلّام بە ناوی گرووپی پێشڕەو یان تەلیعیەکانی هەولێر

ناوەکە ڕۆیشتبوو لەڕێی مەحموود زامدارەوە کە وەکو دەزگایەکی ئیعلامی بۆ ئێمە کەوتبووە گەڕ.

ئەو شەوەی کە پێشنیازی نووسینی بەیانەکەماندا لە ماڵی ئێمە دانیشتبووین (خانووی ژمارە ٣ لە خانووەکانی کولێجی ئەندازیاریی هەولێر) و ئەوانەی ئامادەی دانیشتنەکەبوون، ع.ع.یووسف و جەلال بەرزنجی و مەحموود زامدار و دڵشاد عەبدوڵلا، بەڕێکەوت ژمارەی خانووەکەمان و ناوی پرۆژەکەی کۆنمان ژمارە ٣ بوو . پێشنیازیش کرا، کە من ڕەشنووسی بەیانەکە بنووسم.

بۆ مێژوو دەیڵێم، جگە لە زامدار کەسمان هێندە بە هەڵپە نەبوو بۆ بەیانەکە . لە بەر ئەوەی باوەڕمان وابوو کە داهێنان کارێکی فەردییە و ئەو جۆرە گردبوونەوانە مەشغوولمان دەکا بەکاری لاوەکییەوە، سەرەڕای ئەوەش پێشتر پێشینەیەکمان هەبوو لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی دەمانزانی گرفت و کێشەی گەورەمان بۆ دروست دەکەن، بەتایبەتی هەندێک نووسەری کۆنخوازیش هاوسۆزبوون لەگەڵ دژایەتیکردنی ئەو تەوژمە نوێیە بە بیانووی ئەوەی ئێمە دژی مێژوو و کەلەپوور و دینین، یان لاسایی ڕۆژئاوا دەکەینەوە، ئەم توومەتانە هەردەم ئامادەن بۆ دژایەتی بزاوتە نوێکان.

حکومەتی عیراق کوردەکانی لەسەربازی عەفووکرد دواتر مفاوەزاتی لەگەڵ شۆڕش دەست پێکرد، بەو واتایەی فشاری لەسەر کورد کەم کردبوو. ئێمە بزووتنەوەیەکی شیعریی بووین و نەماندەشاردەوە کە پەیوەندیمان بە هیچ بارێکەوە نییە، جگە لەوەش ڕوانگەی بینینمان

بـۆ ڕووداوەکـان ڕوانگەیەکـی ئەدەبـی بـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو بـارە گشتییە مەینەتی جەنگی لا سووک کردین.

ئەو شەوەی کە مەزەندە دەکەم پایز یان زستانی ساڵی ١٩٨٤بووبێ، چـونکە دەقـی(سـووتانی ڕەنگەکـان)م لە ژمـارەی مـانگی گـوڵانی گۆڤاری بەیـان بڵاوببـووەوە، بەش بە حاڵی خۆم حەزم دەکرد ئەم دەقەم بڵاوبکەمەوە ئەوجا باسـی گۆڕانکـاری لە شیعری کوردیـدا بـکەم تـا قسەکانم نەبێتە قسەی تیۆری بێ بنەما، بۆیە دەڵێم دوای ئەو مێژووە بوو کە دانیشتنەکەمان ئەنجامدا و لەوێ هەندێک سەرەقەڵەم دیاریکرا وەکو ناواخنی بەیانە شیعرییەکە، لەوانە:

- **ناسـاندنی خۆمـان وەکـو بزووتنەوەیەکـی شـیعریی ڕچەشـکێن بـۆ دەربـازکردنی شـیعری کـوردی لەو ڕیـتم و زمـان و سـنوورە تەسـکەی گیـری خـواردووە تێیـدا بـۆ نووسـینی دەقـی ترسـناک بە مەفهـوومی ئیللـیەت، ئەو دەقەی خـۆی ڕادەپسـکێنێ لە هەموو بیرێکی پێشوەخت.**
- **ڕزگـارکردنی شـیعری کـوردی لەو هەمـوو زیـادە ناشـیعرییەی بـاری قورسـکردووە، بیروبـاوەڕە ئـایینی و نیشـتمانییەکان و ئەو زەمەنەی دەرەوە کە شـیعر بـووە بە ئـاوێنەی باڵانومای واقیعیکی وەستاو.**
- **گەڕانەوە و دۆزیـنەوەی زەمەنـی نـاوەوە کە زەمەنێکـی مـرۆییە بەمەش لە دەسـەڵاتی ئاسـنینی عەقـڵ ڕزگـاری دەبـێ کە دوژمنی شیعرە.**
- **تەکنیک لە شیعردا گرنگترە لە مانا.**
- **دەربازکردنی زمان لە هەژمووونی مێژوو.**

- **جــگە لەوەش ئامــاژە بــۆ ئەوە بکــرێ کە زەمەنــی نــوێ زەمەنێکــی تــرە و زەمەنــی نــالی نیــیە ئەو کــاتەی ئــاو ئــاو بــوو ژەهریش ژەهر.**
- **هەروەهــا ڕەخــنە لەو ناوەنــدە ڕۆشــنبیرییانەش بگیــرێ کە کــار بــۆ تێکــدانی بونیــادی ئەدەبــی کــوردی دەکەن و تەگەرە دەخەنە بەردەم بزاوتە نوێیەکان.**
- **ئەدەبــی شــار دەنووســینەوە دەبــێ ڕزگــاربین لەو زمــان و عەقلییەتە لادێییەی زاڵە.**
- **وەڵامــی ئەو پرســیارەش بــدەینەوە کە ئــێمە بە کاربۆنکــاری غەرب دەزانــێ، بــۆ ئەم مەبەســتە نەیشــارینەوە کە ئەزمــوونی ئەدیبــانی غەرب جــێگەی سەرســوورمانی ئــێمەیە، ع.ع. یوســف تەئکیــدی دەکــردەوە کە بزووتنەوەکــانی وەک دادا بــۆ ئــێمە زۆر گــرنگە. بەڵام ئەوەی ئــێمە دەســتمان پێیکــردووە بزووتنەوەیەکــی جیهانییە و گۆڕان لەناو ئەدەبی میللەتانی تریش لە ئارادایە.**

ئەوانە بەگشتی خاڵەکان بوون.

بەداخەوە کەم ئەزمـوونی لانـیکەم هـی مـن و دواتـریش هەنـدێک ڕووداو کە ڕوویانـدا لەوانە، هەرەسـی مفـاوەزات و دەسـتپێکردنەوەی جەنـگ و زیـادبوونی فشـاری بەعـس لەسـەر ئەدیبـانی کـورد بـوون بەمـایەی دروسـتبوونی دڵەڕاوکـێ و سـڵەمینەوە. ئەوەبـوو بەیـانەکە نەنووسرا.

هەڵەیەکــی گەورەمــان کــرد کە بەیانەکەمــان دەرنەکــرد منــیش بەرپرسیارییەتی سەرەکییم لەو ڕووەوە لە ئەستۆدایە، دەبێ دانـی پێدابنێم کە من چووبوومە بورجی عاجەوە و هێندە بیرم لە دەقی ناوازە دەکردەوە هێندە بیرم بۆ جووڵەی ئەدەبی بە یەکەوە نەدەچوو. ئەگەرچی بەیانەکە

نەنووسرا بەڵام فەزای بزووتنەوەکە دەرکەوتبوو لە ناوەندی ئەدەبیداو هەتا ناوەکەش بە شاعیرانی پێشڕەو بڵاوبووەوە کە تا ئەمڕۆ ڕەنگڕێژی شیعری کوردی کردووە و بەشێک لەو توێژینەوە و نامە ئەکادیمیانەی بینیومن بەو ناوە باسی ئەزموونی هەشتاکانیان کردووە، ئەوەی جێگەی وەستانە زۆربەی ئەو بنووسانە خۆیان ماندوو نەکردووە و سۆراخیان نەکردووە جگە لە یەک دووانێکیان نەبێ بۆیە دەبینین فلان یان فیسار شاعیریان کردووە بە پێشەنگی ئەو ڕەوتە، زۆربەی ئەوانەی باسیان دەکرێ ماون نازانم بۆ جورئەتی ئەوە ناکەن بڵێن، ئەرێ برا ئەوە من نیم و ڕەنگڕێژی ڕاستەقینەی ڕەوتە شیعرییەکە ماون . ئەوانەی دژایەتیشیان دەکردین ئەوانیش ماون و ئەگەر خیانەت لە یادەوەری خۆیان نەکەن دەزانن کێ بوون ئەو شاعیرانەی کە دژایەتییان دەکرا. هەموو بزاوتێکی نوێ ئاوەهایە، سەرەتا دژایەتی دەکرێ دواتر شوێنی خۆی دەکاتەوەو دەبێتە بەشێکی زیندوو لەجەستەی ئەدەبەکە خۆی و لاساییش دەکرێتەوە.

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جیددی دەتوانی نەخشە و سیماکانی ئەو ڕەوتە شیعرییە لە بەرهەمی ئەو شاعیرانە بدۆزێتەوە کە تەواو ڕزگاریان ببوو لە ڕیتم و تاموبۆی شیعری شاعیرانی بەر لەخۆیان و بە تایبەتی لە ئەزموونی شێرکۆبێکەس و عەبدوڵلا پەشێو کە فەزای شیعریان تەواو ئاسمانی شیعری کوردی گرتبوو. ساڵی ١٩٨٧ چەند دانیشتنێکی میهرەجانی میربەد لە هەولێر بەسترا. شاعیری عیراقی خەزعەل ئەلماجدی هاتبوو، چەند دانیشتنێکمان بە یەکەوە کرد. ئەوانیش لەهەمان کات و بە هەمان فەزا هەوڵی تازەکردنەوەی شیعری

عیراقییان دەدا، تەوژمێکی نوێ بوون. دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداد لەگۆڤاری ئەلف با ستوونێکی لەبارەی ئەزموونی ئێمەوە نووسی و بە نەوەی سێیەمی شیعری نوێی کوردی ناوی بردبووین، لەوەش زیاتر هەوڵی ڕێکخستنی کۆڕێکی شیعری بۆ داین لە یەکێتی نووسەرانی عیراق کە لە ١٩٨٩/٩/٦ لە بەغداد بەسترا، ئەوانەی شیعریان خوێندەوە بریتیبوون لە هاشم سەڕاج و محەمەد باوەکر و جەلال بەرزنجی و دڵشاد عەبدوڵڵاو ئازاد مەولوودیش پێناساندن و دەقەکانی کە وەریگێڕابوون بۆ زمانی عارەبی خوێندەوە.

ئەو ٣٣ ساڵەی نێوان بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی بەیانەکە تا ئەمڕۆ هەریەک لە برادەران بە جۆرێک ئەزموونی خۆمان درێژە پێداوە و هەمووشمان بەردەوامین. ئەلقەکانی دەوری ئەو سەرەتایە باش فراوان بووە و ئەزموون و دەنگی جیای لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە.

(دەقی ئەفرێنەر دەبێ بمانترسێنێ)ئەم وتەیەی تی.ئێس.ئیللیەت پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەرستۆیە کە داوادەکا داهێنان ئەو ترسە بڕەوێنتەوە. لە ئەزموونی خۆمدا سوودم لە هەردوو ئاراستەی بیرکردنەوە وەرگرتووە، دەقی(سووتانی ڕەنگەکان) کە ساڵی ١٩٨٤ بڵاوم کردەوە لەڕووی تەکنیکی نووسین و فیکرەی شیعرییەوە شکاندنی ڕیتمی باو و تێکەڵکردنی سنعەتی شیعریی و خەوندیدەییە(ڕوئیا). بیرم دێتەوە یەکەم ڕەشنووسی ئەم شیعرەم کە نووسی هەموو گیانم دەلەرزی لەگەڵ وشە و ڕستەکانیدا، چارەنووسی ئادەمیزادم وەکو ئەو کەشتییە دەدی کە شەپۆلی شێت بەرەو نادیار دەیبەن. یان وەکو ئەو گوندەی هەرەسی بەفر بزری دەیسڕێتەوە. دواتر لە ١٩٧٩ ەوە تا ١٩٨٤ دەیانجار نووسیمەوە

و دەستکارییم کرد تا قەناعەتی شیعرییم پێی هات، ئەو حاڵەتە لە دیوانی (شەوەکانی ئامیتا بەدرێژایی بابل)دا ساڵی ٢٠٠٦ پاتەبووەوە و ماوەی یەک هەفتە هەستم دەکرد لە بێهۆشیدام تا شیعرەکەم تەواوکرد.

یەکەمجار کە شیعری وێرانەخاکی ئیللیەتیشم خوێندەوە ساڵی ١٩٧٥ لەگۆڤاری ئادابی ئەجنەبی دیمەشقیدا بە بیرم دێتەوە لە ژوورێکی حەیدەرخانەی بەغداد بووم، ئەو گەڕەکە میللییەم لێ بوو بە بەهەشت، شەوبوو دوای خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە بەکۆڵانەکانی ئەو گەڕەکەدا دەسووڕامەوە و بەدوای ڕەگە بە یەکدا چووەکانی نەوەی ئینسانداندا دەگەڕام لەناو زبڵە بەردینەکاندا، بە دوای ژنە فاڵگرەوە و دەریاوانە فینیقییەکەدا دەگەڕام و لە دەموچاوی هاتوچۆکەران ڕادەمام، ئەوجا تێگەیشتم دەقی ترسناک ئاوەهایە، واقیعت لێ دەگۆڕێ بە دنیای شیعریی.

ئیللیەت لە بارەی یۆلیسیسی جیمس جۆیسەوە دەڵێ، جۆیس بە نووسینی یۆلیسیس ڕەخنەی لە شێوەکانی نووسینی ڕۆمان گرت کە پێش ئەو نووسرابوون. ئەمجۆرە خوێندنەوەیە بۆ بەرهەمی نووسەران و گەڕانەوە بۆ دەق و دۆزینەوەی سەردەم لەناو بەرهەمی ئەدەبیدا نەک بە پێچەوانەوە لە ڕێی سەردەمەوە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەم ڕستەیەی ئیللیەتەوە فێربووم، هەر ئەوەش بوو وایکرد ئەو دەقانەی دەیاننووسم دەقی یەک ڕەهەندی نەبن. ماوەیەکی زۆر سەرسام بووم بەم شاعیرە و بیروبۆچوونە ئەدەبییەکانی.

لە ئەزموونی دواتردا پەیڕەوی قەناعەتی ئەرستۆم کردووە سەبارەت ئارامبوونەوە لەڕێی شیعرەوە، گەڕانەوە بۆ شتە پەراوێزخراوەکان و

هەندێکجار شیعر وەک یاری بووە ئەگەرچی یاریش نییە، چونکە لە یاریدا خەڵک خۆی لە یاد دەچێ بەڵام لە شیعردا بە پێچەوانەوە هەموو هەستەکان گرد دەبنەوە لە دەوری ئەفراندندا و خود بە ئاگادێ.

نوێبوونەوە لە شیعری کوردییدا ئەگەر بەکاریگەری ئەدەبی بیانییش بووبێ بەڵام لە بنچینەدا پێویستیی شیعری بووە، لەنەوەی یەکەمدا شیعری نوێی تورک ئەو کاریگەرییەی کردووە بۆدەربازبوون لە هەیمەنەی کلاسیک. لای نەوەی دووەم، شیعری نوێی عەرەب و دەربازبوون لە هەیمەنەی ئایدیۆلۆجیا. لای نەوەی سێیەم شیعری ئەمەریکایی و ئەوروپایی و پاککردنەوەی شیعر لە زیادە ناشیعرییەکان، زەرووڕەتی نوێبوونەوە بنچینە بووە . بۆیە سێ ڕیتمی جیاواز دەبینین بەدرێژایی ئەو سی ساڵە، ریتمی دەرەوەی داخراو و ناوەوەی نیمچە کراوە، ئەوەی تر ڕیتمی دەرەوەی نیمچەکراوە و ناوەوەی یاخی لەبەرانبەریدا، سێیەمیان ڕیتمی ناوەوەی کراوە.

دەرەوە ئەو بارە سیاسی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە باوە بوو کە چۆکی خستبووە سەر خەیاڵ و بیر و زمانی شاعیر، گیانێکی ڕۆمانسی دەیویست لەپەنجەرەی ئەو دیوارەوە بڕوانێ. لە حەفتاکان دەنگی بڵندی یاخییانە ڕازی نەبوو بەو دیمەنانەی لەپەنجەرەوە دەیبینی و دەرگای کردەوە و هاتە چەقی شەقام، شیعری ئەو دەیەیە بەو دەنگە بەرزەوە گوێمانی زرنگاندەوە. هەشتاکان پرۆسەکە پێچەوانە بووەوە، دەرەوە لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و کارەساتەی جەنگ دروستیکرد کەچی تۆفانی ناوەوە هەمووی داپۆشی، بەو مانایەی شیعرییەت بوو بە پێوانە، چۆنی دەنووسی بوو بەئەرکی شاعیری تازەگەر نەک چی دەنووسی،

بەمەش شاعیر لە زمانحاڵی هۆزەوە بوو بە زمانحاڵی ساتێکی خودی خۆی. ئەم وەرچەرخانە گەورەیە و ئامادەنەبوونی ڕەخنە و نەبوونی فیکر و دژایەتی توندی ناوەندی ئەدەبی و ڕەسمی حاڵەتێکی ناتەندروستی هێنایەکایەوە کە ئەزموونی شیعریی زیاتر بەرەو بورجی عاج برد و ناوەندی ئەدەبیشی لە دۆگمای ڕەسەنایەتی هێشتەوە.

زۆر غەدر لە شاعیرانی پێشڕەو کراوە، لە هەندێک نووسین و دیداری ئەدەبی ناوی کەسانی تر کراوە بە خاوەنی ئەو ڕەوتە شیعرییە، لەکاتێکدا ئەوانەی لە کەشتییەکەدا بووین زۆربەی زۆریان ماون و هەمووشیان دڵنیان ڕاستی مەسەلەکە چۆن بووە، ئەوانەی دژی ئێمەش دەیاننووسی ئەوانیش زۆربەیان ماون، ئەوانیش دەزانن کێ داینەمۆی ئەو ڕەوتە بوو!

زامداری زیندوو زۆر قسەی خۆشی هەبوو، هەمووجار دەیووت، سێکوچکەی حەداسە! مەبەستی ئێمە بوو شاعیرانی ڕەوتی پێشڕەو. ئەو سێکوچکەیە هەندێکجار دەگۆڕا بەگوێرەی ویستی خۆی دووانیان کێبایە یەکیان هەر من بووم، لە دانیشتنەکاندا هەمووجار دەیووت، لای ڕاستم دانیشە چونکە گوێی چەپم کەڕە! دواجار دەمەوێ ئەو قەناعەتە کۆنەی خۆم پاتە بکەمەوە کە شیعر پرۆسەیەکی زاتییە، شاعیرەکان دەتوانن گرووپ پێکبێنن بەڵام لەکۆتاییدا هەر خۆیان بە تەنیا ڕووبەڕووی جەبەڕووتی کاغەزی سپی دەبنەوە.

هەولێر

ئایاری ٢٠١٧

# کۆتایی

پرچی لوولم بەسەر شان وملی شۆڕدەکەمەوە
ڕدێن و سمێڵ تێکەڵ یەک دەکەم
ڕۆژنامە ناکڕم
میلی ڕادیۆکەم با بۆخۆی بنوێ
شەر دەستی پێکرد.
سەرم بە زەحمەت خۆی دەگرێ،
لەبەر قورسی خەونەکان
سێبەرم ڕادەکا لە دووم
شەڕ دەستی پێکرد.
ماڵم دەخەمە ناو جانتایەک و سبەینەکی زوو
قفڵێکی گەورە لە دەرگا دەدەم
بە پاڵتۆیەکی ڕەش ڕەشی تاریک
دەڕۆم کۆچ دەکەم
بە جارێ پشتم لەو شەڕ دەکەم.

**١٩٨٠ کەڵەکی یاسین ئاغا**

## یەکەم چرا لە ماڵی کاترینا هەڵدەکرێ
## دوا چراش لەماڵی کاترینا دەکوژێتەوە

چاوی بڕییە چاوی هەمووان
سەیری چیاو ناو گوندی کرد
ئا، بەرلەوەی دواجار چاولێکنێ
ڕوانییە دووچاوی ڕەشم، ڕوانییە
جێ ماچی جارانی لەسەر گۆنام
ڕوانییە مەمکی شۆڕ، پرچی خاو تاڵ تاڵ سپی
کە ڕژابووە سەر سنگی پانم
جێ پەنجەی خۆی دیتەوە.
سەیری چاوی ڕەشم بکە، شەونخوونی ئەو شەوانەی پێوە دیارە
کە تۆ لە چیابووی و من لە گوندی
چەندجاران چرام دەکوژاندەوە و هەڵمدەکردەوە
دەهاتمە بەر پەنجەرە، تۆ دیار نەبووی.
مانۆلی ئەی مانۆلی!
من لە ناو جێگای پیاوی تر نوستووم

لەبەردەمیان ڕووت بوویمەوە
بەر لەوەی بتناسم قەحپەبووم!
بزنەکان دەزانن،
کە لەناو لەشمدا دەملەوەڕاندن.
قاپ و گۆزەکان دەزانن کە بەکاریانم دەهێنا
بالیف و دۆشەکم دەزانن کە لەسەریان دەنووستم
تۆش دەزانی.
کاترینا وازبێنە،
دەرگا داخە و لەبەر ئاگری پیرۆز ڕاکشێ
لەشی تۆش هی خوایە نەک هی من
ئەو میوەیە گەییوە ئەو دەیخوا نەک ئاژەڵ
شەرابە، ئەو لەشە شەرابە، نەک ژەهری مار.
چاوی بڕییە هەمووان، پاشان
شێی چیا و ئەشکەفتی داچۆڕاند.
بێ تۆ کڵێسا بەتاڵە کاترینا
تۆ شەرابی مەسیحت نۆشی، نۆشی گیانت بێ
ئێمەش بێ شەراب ماینەوە
گوانی چێڵەکان وشکن
گوڵەگەنمەکان و سکی ژنەکان
سەیری من کە، بێ شەراب
نائومێدی دەمکوژێنێتەوە

من هەر گیان نییم تا بڵێم، لەو دنیا پێک دەگەین
ئەی لەش؟
بێ تۆ باغێکە وشک بوو، کاترینا.
دەچوومە بەر پەنجەرە، تۆپەڵە بەفرێ
خۆی بە ڕووم دادەدا، مانۆلی.
سەیری چاوی کزم بکە، زۆر دارەدار دوات گەڕاوە
تارمایی دەبینی بە دارەوە، گۆی مەمکەکانمن
نەدەمی منداڵێک مژی، نە دوای تۆ بۆ پیاوێک کرا بە بالیف!
کاترینا
وەکو قەدیسە
چاوەڕێی هاتنی مەسیح دەکا.

ئەبوغرێب١٩٧٨

# شیعرێکی بڵاونەکراوەم بەکەمێک دەستکارییەوە.....

لافاو لە سنگی کێدا خەوتووە؟
توێکلی باکان ڕەقن، ناشکێن
گۆرەوی و شەپقە وپانتۆڵی دڕاو دەبینم
لەگەڵ ئاوەکاندا دەڕۆن
دوو دەستی شکاو، دوو قاچی باریک، دوو لایتی کزیش.
ئەو دەستانە گۆڕی خۆیان هەڵدەکەنن
ئەو قاچانە ڕێی خۆیان ون دەکەن
ئەو لایتانە سەر لە نوێ دەمدۆزنەوە.
من کوکوومە! لەگەڵ ئاوکی ڕووەکان سەردەکەوم
لەگەڵ کەر و ئەسپەکان دادەکرێم
ئێوارانیش، لەگەڵ چێڵەکان،
سەرم هەوجاڕی قاچەکان ڕادەکێشێ
هەنگوین لە ئێسقانم و تۆوی گوڵەسپییەکان لە خوێنم.
بە هەر لقێکمەوە چرایەک هەڵواسراوە
بەسەرکەشی چەنێ جوانی کووکوو.

**ئەبوغرێب١٩٧٩**

---

**دوای خوێندنەوەی کتێبی "دوورگەی کەودەنیان"ی هێرمن مێلڤێل نووسراوە**

٣

ناوی هەموو دەریاوانە مردووەکان
لەسەر دیواری گازینۆیەکی کەنار نووسراوە.
نەنووسراوە، نەهەنگ خواردوونی
ئەو نهێنییە لای دەریا مایەوە.

٢

- پاپۆڕێکم هەبایە
هەموو چەکەکانم لێ بار دەکرد
لە قووڵترین دەریادا ونم دەکرد.
- دەریا گوناهی چییە؟
خۆ جەنگی نەهەنگان نییە.

١

سەرم کێڵگەی موگناتیسە
دنیا بۆ خۆی ڕادەکێشی.

**نیسانی ١٩٧٨**

## وەحا

گاڕان
گاڕان پڕ دەدەنە دەست و قاچم
پڕدەدەنە چاو و لووت و دڵ و گیانم
ئەوان زۆرن منیش تەنیا
ژن و پیاون
گاڕان گاڕان
دەڵێی لە دۆزەخ هەڵاتوون
کللۆن تەزرەن تەجاڵن
لە ئاسمانی نەزۆکدا دەبارن
گاڕانی گای هارن
سەرم دادەتەکێنم
بەکۆمەڵ دەکەونە خوارێ.

**١٩٧٨ ئەبوغرێب**

# هـ . ن

## ماوەیەک ئەم ناوەم هەڵبژارد بۆ خۆم

ئەو ساڵانەی ناومان بۆ یەکتری دانا:
هەبوو ناوی لە سروشتەوە دەهێنا
یا لەو دنیا
هەشبوو چرای ئەو کەسانەی پێدەکرد،
کەپێشتر کوژابوونەوە
من هـ . ن — م هەڵبژارد( ناوێک لە داهاتوو، تەنیا بە دوو حەرفی ماندوو).
هـ ...
جالجالۆکە تەونی لە دەوری بەردێک دەئاڵاند
باڵندە چڕنووکی لەسەری مارێک دەگرت
بازنەی مەچەکی کچێک لە قەدم.
هێ گوێ شەیتانۆکەی دەشت ودەر
هێڵی ئاسنی چەماوە
هێ بێوەژنی سەر بەکۆشدا نووشتاوە
ماری پەپکە بەستوو لە دەوری ئەستێرۆکە...

شتێکی تریش نادیار.
ن ....
لەزەتێک بەسەر گۆی مەمکەوە
نەشئەیەک بە لێوی پیاڵەوە
ناڵی ئەسپێکی ڕاچەنیو
کەوانێکی ئامادە بۆ دەرپەڕینی پنتێک
جامی دەست ژنێک لە بەردەم قەترەیەک
تەوێڵی گرژ و بێدەنگی و
خاڵی هیوایەکی دوور، زۆر شتی تریش وەک ئەستێرە لەبەر دەرکی مانگ.
دڵشاد!
بیژەنە!
ببە ئاواتی با — بووم
ببە ئەو کانەی ناشکێ — بووم
بیژەنە — خەریکم.
ئارەقەی سەر گۆنای ئەجندە
کونی مار هەڵتەکێنە
فسفۆری تەقینەوەی لەش
نیوەم ئەمانە، نیوەکەی ترم داهاتوو.

هەولێر ١٩٨٠

# وڕێنە باران

باران پێش ئەوەی بچێتە دەماری خاکەوە
دەڕژێتە ناو کاتەکانمانەوە
ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە باران بپەرستین
ئێمە و باران دوو دیوی یەک بوونین
باران، ئاسمانی بوونێکی شڵەژاوە
بارین و نەبارین وەک دیتن و نەدیتنە
چاو کە نزیکترین ئەندامی لەشە بۆ دەرەوە
پەنجەرەیەکە یەکسەر بەسەر حەوشەی ڕوحەوەیە
خۆم لە ناو دیمەنەکانی دەرەوە پەرت دەکەم
لە ئیشێکی گرافیک دەچم
کتێبخانەکەم لە شارێکی کۆن دەچێ لە دەرەوەی زەمەنەکان
هەر کتێبێک ماڵی نووسەریکە
ئەو کتێبانەی هێشتا نەمخوێندۆتەوە
ئەو ماڵانەن کە تازە هاتوونەتە گەڕەکەکەمان
تازەمەرۆم بۆ ناسینیان.

١٩٨٠

# کۆنسێرتی ژێرباران

باران دەبارێ.
ژنێکی ڕێنکۆت زەرد
دەست لە دەستی پیاوێکی قات خۆڵەمێشی
لە باخچەکەی ئەوبەر پیاسەدەکەن
سەریان خستۆتە بن باڵی یەکتری
پێدەچێ پیاوەکە شتێک بگێڕێتەوە،
پەیوەست بە باران
جارجارە دەست هەڵدەبڕێ بۆ هەورەکان.
بەوەناچێ دڵگران بێ لە شتێک
لەچی دڵگران بێ؟
خۆم هەڵدەقورتێنمە ناو دیمەنەکە،
کە چەشنی تابلۆی هونەرمەندێکی بە سەلیقە دڵگیرە.
تکایە بە ژنەکە بڵێ، کەمێک پەرچەمی لادا
ڕوومەتی دەرکەوێ بەو دڵۆپە کریستاڵییانەی سەریەوە،

دڵنیام وەکو چرا شەوق دەداتەوە.
شەرم مەکە، ئەو قەترە ئاوانە ماچکە
دەم بنێ بە نەشئەی بادەوە
لەو شەرابە خۆت تێرکە
ئەو ساتە زۆر کورتە زوو بەسەردەچێ
ئەو پیاڵەیە ناسکە زوو دەشکێ.
بارانی ڕووت دەباری، ژنەکە!
بارانی ڕووت!
هەر پشکی بە قەد بن پیاڵەیەک.
تکایە بە پیاوەکە بڵێ،
بەو پەنجە گەورانەی نوقرچ دەگرێ،
لە جەستەی تەڕبووت، لە ژێرەوە.
باران دەبێ تا کوێ چووبێ؟
ڕێچکەی ئەو بگرێ تا خواری خوارەوە ....
هەورە تریشقەیەک لە ناکاو دیمەنەکە بزردەکا.
نەغمەیەک دەژنەوم
لە پەلکی گیای تازە دەچێ
لە بن نمەی باراندا
ئەو کاتەی،
ژنە ڕێنکۆت زەردەکە بە تەواوی بزربووە لە باوەشی قات خۆڵەمێشییەکەدا.
لە ژوورەوە،

پرته و بۆڵەی تەمەن خەریکە سەرم کون دەکا
وەکو لقێک خۆی نەگرێ لەژێر لێزمەدا،
دەشکێمەوە.

چەند کورتن ساتە خۆشەکان
چەند زوو دەڕۆن
مەگەر شیعر هەندێکیان
لە بن بەردی دیوارە کانی هەڵگرێ
وەک کۆزە شەراب.

# ئاسمان لە پشت خودەکانیشەوە شینە

کەڕەنای جەنگەکان بێدەنگ کەن
وادەی گەڕانەوەی قوڵینگەکانە
وڵات هی ئەوانیشە.

وەک کەوتنی بن میچ لە ئاهەنگێکی مۆسیقا
یان کوتانی بزمار لە ئێسقان
کەڕەناکان هەڕەشەدەکەن
نێوانی هەڵدانی زار و
هەنگاوی دواتر
پێویست بە بێدەنگییە
پێویست بە دەنگی بەرزناکا،
لە دەرگادانی ماڵی خۆت.

وڵات جوگرافیا نییە
بەهرەیە،
وەک مۆسیقا .

کەڕەنا ئارامی تێک دەدا لە هەوا

ئارامی تێک دەدا لەگۆڕ
مردووەکان وادەی نووستنیانە
وڵات هی ئەوانیشە.

وڵات ئەو شتە سادانەیە دەینەخشێنین
ئێمە لەسەر کاغەز
هەندێکی تر لەسەر لمی کەنار.

هەندێکجار،
بە بەردێک، یان بە بنەدارێک، یان بە دەرگایەک دەوترێ وڵات
هەندێکجار ڕووبەری پانوپۆڕی گەورە پێی ناوترێ وڵات.

بە منداڵی سەگێک و مامزێکم هەبوو
یەکیانم لەکۆڵان بەخێوکرد
ئەوی تر لە بنەبان
سەگەکە بە دیار ماڵەکەمانەوە کوژرا
مامزەکە فورسەتی هێنا و ڕایکرد
کۆڵانەکەمان گڵ بوو
شوێن گەوزین و پەڵەخوێنی ئەمیان مایەوە
جێ سمی ئەویان ون بوو
وڵات هەردووکیانە،
ئەوەی دەمێنێتەوە و ئەوەی ڕادەکا.

لەسەر ڕێگای قوتابخانە،
بە شوورەی بەرزی قەسرێکدا هەڵدەگەڕاین
لە باخچەی بۆنخۆشی گوڵمان هەڵدەپاچی
بە پۆزەوە لە یەخەی چاکەتە شڕەکانی خۆمان دەدا،

بە تەنیشت گۆڕستانێکدا دەڕۆیشتین
ناوی سەر کێڵەکانمان دەخوێندەوە
کەسیانمان نەدەناسی
کێلەکانمان تێک نەدەدا
وەکو ئەوەی کەسی خۆمان بن،

دواتر،
قەسرو باخچە بۆنخۆشەکەو گۆڕستان
پێکەوە بوون بە وڵات
بەڵام ئێمە گەورەبووبووین
بە شووراکان هەڵنەگەڕاین

وڵات ئەو شتە گچکانە بوو
کەڕۆژانە دڵمانی پڕدەکرد لەخۆشی
نەک ئەو قسە قەبانەی تەقەی سەرمان دەها لە ئاستی.

فرۆکە،
گوندێکی بۆردوومان دەکرد
لە سەربانی ماڵەکەمانەوە لە دووری دە کیلۆمەتر
تەماشام دەکرد
یەکەمجاربوو دوو وڵات ببینم
یەکیان لەژێر هەڕەشەدا
ئەوەی تریان بەرانبەری.

وڵات ئەبەدی نییە دەگۆڕێ
کە چوومە بەغداد
بە گیرفانی بە تاڵەوە کتێبخانە گەورەکان دەگەڕام
وڵات ئەو کتێبە بوو لە ترسی بەعسیەکان بەرگم تێگرتبوو
هەموو شەوێک لە بالکۆنی بەشی ناوخۆ دەمخوێندەوە.
لە شەوانی عەربەدە و بوهیمی
وڵات ئەو گۆرانییە مەستانە بوو درەنگانی شەو
لە مەیخانەکان دەمانووتەوە.
کە چوومە بەغداد
وڵات بووە پاسێکی پۆلۆنی،
بەشەش سەعات دەیهێنامەوە بۆ ماڵ.
هەمووجار،
هاتنەوە دوورتربوو لەڕۆیشتن .
وڵات تەمەڵ نییە بە دەنگی بەرز لە خەوی هەستێنی

ئاوەها بانگی بکە، وەک ئەوەی دڵی خۆت بدوێنی.

ئەوانەی وڵات بە دوو دەبینن،
لە مەنفا
وڵاتیان ونبووە لە ئەسڵدا

سێبەرێکە پێتەوە دەنووسێ،
بەم چەشنە هەر خۆتی
پاتە دەبیەوە لە ئەودا.

وڵات پارچە پەڕۆیەک نییە
لە قەدی خۆتی لوول بدەی
بەزمانی ڕووت، پەشتەماڵی حەمام نییە
حەمامە
خۆتی تێدا ڕووت دەکەیتەوە
بێ ئەوەی سڵ لەهیچ بکەیتەوە .

وڵات درەوشانەوەیە
ئاوەها خۆشت بوێ لەزەتت پێ ببەخشێ
نە ئازارت پێبدا نە خۆشی
ئای هەستی من چیتر
دەرفەتی مەدە بەو عومرە.

# مەرگێک هەڵمان دەبژێرێ

بێ ئەوەی دەسەڵاتمان هەبێ
مەرگێک هەڵمان دەبژێرێ
لە سەفەری ئەبەدییدا دەمانبا لەگەڵ خۆی.
چاومان هەڵدەگێڕێتەوە،
بۆ دیتنی مەلەکوتی خودا.
بێ ئەوەی دەسەڵاتمان هەبێ
دەست بەردەدەین لە دنیا
توند لمووزی ئەو کەشتیە دەگرین،
کە بە ناو دەریای نهێنیدا بۆ کەناری دوور دەڕوا.
بێ ئەوەی دەسەڵاتمان هەبێ
مەرگێک هەڵمان دەبژێرێ
جەستەمان هەڵدەوەرێنێ
ئەوەی دەمینێ ڕوحێکی باریکە
وەکو داو لە بەکرەیەکدا هەڵدەکرێتەوە
ڕۆژێک کە خودا بێتاقەت بوو دەیکاتەوە
خۆش بە حاڵی ئەوانەی ناپچڕێن وەک هەودا
بە دەست خواوە دەمێننەوە
دڵنیام ئەویش،
کەیفی بەو بەندەیەی خۆی دێ
کە بە زەحمەت دەپچڕێ.

# کۆتەڵەکانی ناو بەفر

نیگایان بەرد
بێدەنگیان بەرد
کتومت لووتکەی بەردەمیان
سەراوژێر
ڕوو لە هەڵدێر
بە پشتی ئاسنێکی ساردەوە
وەک جانتایەک بەقفڵی ژەنگاوی داخرا،
شەمەندەفەری باکوور.

ڕێ تەونی جاڵجاڵۆکە لەژێر تارمایی چراکان
کام ڕێ بگرین؟
تازە کەڵکی هەڵبژاردنی نەما دەبێ بگرین.

وارگۆنەکان جمەیان دێ لە هەیکەلی ماندوو
هەندێکیان،
هێشتا گەردەلوولن بە زەحمەت تۆتکە دەگرن لەسەر کورسی،
جەنگاوەرەکان.
هەندێکیان،
هەستی خۆیان دەشارنەوە

پێویست ناکا بیشارنەوە لە سەرەمەرگدا.

دێتەوە یادتان؟
دەنگی تەپڵەکان دووبارەدەنگی تەپڵەکان لە گۆڕەپانی گشتیدا
سەرکەوتن لە مووی سمێڵ نزیکترە!
سەرنەکەوتین دەیتاشین. مووی بەریان مەبەستە، بە گاڵتەجاڕییەوە.

نەخشی سوریالی ڕەشکەوپێشکەیانە
لە سەر شووشەی تەمینی پەنجەرە
بە پەنجەی جەفاکێش.
لە ئاسۆی ئەو نەخشانەوە دەبینین
تا چاو هەتەر دەکا خۆرئاوابوونە لە تەپۆلکەکان
فریادڕەس ڕۆی! فریادڕەس دێ!
دەنگەکان لەدەم دەردێن، پێش ئەوەی بگەن بە گوێ بەستوویانە.

بلوێرێک هەمووجار ئەو بلوێرە بە ئاوازی کەمخوێنی
هەبوو نەبوو لە خوار زاگرۆس .... ئەو ئاوازە دەخوێنی
پاشماوەی شەمەندەفەرێک! بە پشتی گابەردی ئەفسانەیەکەوە
کتومت سیزیف لەناو قەدی کێو... ئامان سەت ئامان.

ئێرە شوێنی مەبەست نەبوو بۆ هاتینبۆ ئەو شوێنە ؟
تازە چ کارمان بە شوێنە لەو ناشوێنە ؟
ئاوەمۆرمانئەو بەفرەیە ئاوزینگیشمان ئەو بەفرەیە

لە کێ دەپرسی،
شۆفێری چۆڵەوانی؟ تازە چ کارمان بە شۆفێرە؟

چینکۆی سەر کۆگای سەربازگەی دوژمن لە دوور بریسکە دەدا
خۆمان و خۆمان بێوار خۆمان و خۆمان!
وارگۆنەکان خەریکە چۆڵ دەبن
باڵندە لە بەرزی دەمانبینن
هەوری کون کونین لە ئەرزی
ئێمە هەردووکیان نابینین لەبەر ساپیتەی ئاسنین.
وەک ڕەوە ئەسپی بەغار بە هەر لایەکدا پەشۆکاو
لە دۆخی غارداندا دەبین بە کەڵەکەبەردێک!
قەڵەڕەش بەڕەوە دێن بۆ سەر لاشەکان
کەژاوەی مۆتەکە خول دەخوا، بە دەنگی گالیسکە پێمان دەڵێ،
خەونی ئێمە کۆتایی هات!

ئەو پەیکەرە دەناسی کە ویستی لە شوێنی خوا دانیشێ؟
ئەو خاکە دەناسی کەکردیان بە زەمهەریر؟
ئەو مەرگە دەناسی کە لە باتی هەور باری؟
گوێ دەگرم لە ناڵە لەبنی دڵمەوە
لە کەرخی ئەو دڵ و ناڵەیە
هەڵمێکی سپی بەرزدەبێتەوەکۆتەڵەکان دادەپۆشێ
بلوێرەکە دەست پێدەکاتەوە
زەمەنێکی تر ...

# چ خەونێکی بەد

هێشتا خۆڵەمێشی خەون گەرمە لەبن پێڵووکە بە ئاگا دێم
چاوم هەمان چاوی پێش نووستن نییە
هەناسەم هەمان هەناسەی پێش نووستن نییە
تەنانەت خۆشم، هەمان کەسی پێش نووستن نییم.
خەونێک هەمیشە دووبارە دەبێتەوە
ئاگرێک هەمیشە کتێبەکانم دەسووتێنێ
لە پێشچاوم دەبن بە خۆڵەمێش.
خەونەکە هێشتا باڵەفڕکەیەتی،
لەو دۆزەخە بە ئاگادێم.
دڵم هەمان دڵی پێش نووستن نییە
دنیا هەمان دنیای پێش نووستن نییە
تەنانەت ژیانیش، هەمان ژیانی پێش نووستن نییە.
خۆڵەمێشی کتێبەکانم کۆ دەکەمەوە
بە زمانی سووتاو خەونەکە دەنووسمەوە.

وشە هەمان وشەی پێش نووستن نییە
مانا هەمان مانای پێش نووستن نییە
تەنانەت ڕستە و پێکهاتەکانیش.
خەوەکە خەریکە من دەنووسێتەوە
خەونی بەد!
دڵ لەدڵ مەدە!
ئەوەی دەینووسێ،
باڵکێشانی زیندووبوونەوەیە
بە خۆڵەمێشی
خەونی تۆ دا.

# بەرگری لە شیعر

هەسارەیەک لە زەوی نزیک دەبێتەوە
جادووگەر و سیحرباز کۆدەبنەوە ودەڵێن،
لەتێکی دۆزەخ ترازاوە لە ڕێڕەوی
بەو هێزەی لە تارمایی دایە،
خۆی دەکێشێ بە زەویدا و
هەڵیدەگێڕێتەوە، وەک کراسێک بەرەواژ لەبەری بکەی.

هەسارەیەک لە زەوی نزیک دەبێتەوە
باڕەکان ئاوەدان دەبنەوە
شاعیرەکان پیاڵە بەرزدەکەنەوە
ئەوەی ڕوودەدا،
هاتنەوەی پیرۆزە
وەک ئۆدیسۆس.

ئەوانە دەمێکە بەڕێوەن
ڕەنگە هەواڵێکیان پێ بێ لە بارەی ئەوانەی ڕۆیشتوون و
سالأنێکە نەگەڕاونەتەوە.
یان، ئیکسیرێکیان هێناوە بۆ نەمریی
لە فەزای دوورەوە
وەک گلگامیش.
یان مەسیحە سێدارەکەی کردووە بە کەشتی
ئەو هەموو ڕێیەی بڕیوە
بۆ گەیاندنی پەیامێک لە خواوە.

هەسارەیەک لە زەوی نزیک دەبێتەوە
سیاسی و بازرگانەکان،
دەڵێی بە ڕۆنی سەگ چەورکراون
مێزی قومار سەرلەنوێ ڕێک دەخەن
هەر یەکە و پێڕی خۆی دەنووسێنێ بەکەپووی درێژیەوە،
بۆ سەفقەیەکی چەورتر.

هەسارەیەک لە زەوی نزیک دەبێتەوە
وەک کەشتییەکی جەنگ نزیک بێتەوە لەکەنار.
( ناسا )گۆمەکە دەشڵەقێنێ؛
بەرکەوتنێکی لەو چەشنە بەر لە ملیۆنان ساڵ
دیناسۆرەکانی لەناوبرد .

ئەوەی ڕوودەدا،
جەنگی تاقمێک نییە لە دژی تاقمێک
سەرتۆپی تاسەیەکی کۆنە لەکتێبەکاندا.
هەسارەیەک بەر زەوی دەکەوێ
دوور، یان نزیک
تەختی دیناسۆرەکان نغرۆدەکا!
چاوێکم کردووە بە هەزار بۆ دیتنی.

# بەر هەیوانە چۆڵەکان

گوڵە دالیا بێ زەوق بەسەر لقەکانەوە
بە نیگای پاشماوەی جوانییەک
بە ڕووی پیرێکەوە لەناو پێخەفی مردندا،
چاویان بڕیوەتە ناو پووش وپەڵاش.
گیاکێویلە سەریان لەناو کۆشی یەکتر
شوێنی ئێمەش بکەنەوە،مێشەکان گیزەگیزیانە.
مێروو ڕیزیان بەستووە تا ناو دیوار وەک ئەوەی لە شتێک بگەڕێن
دەنگی پووشکە لەژێر پێیەگچکەکانیاندا دەشکێن.
شتێک هەڵدەکڕێ لە شێوەی بێکەسی
بێکەسی، خوێنێکی وشکە لەدەمارەکاندا
بێکەسی،زەردی پێستەیە لە ڕووی ڕۆژەکاندا.
دەرگای پێشەوەی سەر هەیوانەکان تۆز داپپۆشیون
پەردەکان چین چین دادراینەوە

دیوار، وەکو هەموو کات کپ ومات
چاوەڕێی خشتێک دەکەم بێتە دەرێ،بێدەنگی بشکێنێ
یان، جیرەی دەرگا! شتێک بڵێ لە بارەیانەوە
پاشماوەی ژیانێک!
شوێن ڕەوتی جۆگەیەک، شەقار شەقار دەڕمێ
چوونە کوێ ئەو هەمووە بێ خوداحافیزی
چوونە کام مەملەکەتی دوور؟
سێبەریشیان دیار نەما
باڵندەش بان،گوێم لە دەنگی باڵیان دەبوو
گوێم لە دەنگی شکانی سواڵەتێک،لە بەربوونەوەی مەنجەڵێک، قاپێک
گوێم لە گاڕەی مریشکێک
لە وەڕینی سەگێک دەبوو.
دەنگێک، وەک تاژی بکەوتمە دوایەوە
بێکەسی لەوە زیاتر
موختەسەر:
ژیان لەژێر هەڕەشەدا
بە ناچاری لە شوێنێک جێمان هێشت.

# دۆزینەوەی زمان

باران دەباریٚ و من بەکۆمەڵە کتێبێکەوە لە شەقامێکدا
باران دەباریٚ و من لە شەقامێکدا
دڵۆپە دڵشادەکان دەنیشن
دندووک دەدەن لە لەشم
دەچنە ناو کونی کەپوو گلێنەی چاو
دەچنە بن باڵ و بن لێو و نینۆک
بن جل و فانیلە و ناو دەرپیٚ، ناو پێست و کونی گویٚ
هەموو لەشم هەموو لەشم.
باران دەباریٚ و من لە شەقامێکدا درەختی بارانم
وشەی تەڕدەتکیٚ لە لقم
ڕستەی تەڕ ڕێچکە دەبەستیٚ لە قەدم
بۆنی خۆشی کتێب کە تێکەڵی بارانە
لە پڕۆسەیەکی خودایی دادەکا
باڵندە بارانە
لە شەقامێکدا
بەو هەموو هەورە ڕەنگینە لە سەرم
بوونەوەرێکی تازە خووڵقاوم
لە زمانی خودا.

# ئیدی ئەوهام

من نەهاتووم باری گران لە خۆم بنێم
دنیا بکەمە کۆڵمەوە
من نەهاتووم ڕاڕەوی تاریکی بگرم
کەس نەزانێ دەمبا بۆ کوێ
کراسێکی تەنکی سادەم
نیوەی سینەم کراوەیە
بەرهەیوانێکی نیمچە ڕووناکم
دەرگاکانم بەسەرەوەیە
ئاسمان نییم هەتا پێم نەگەی
کەنارم هێندە دوور نییە
زۆر بەئاسانی پێی دەگەی
ئێمە لە سەدەی تازەداین
لاپتۆپەکەت بکەرەوە
کلیک لەسەر تەنیا وشەی ئازار بکە

منیش نەبم شاعیرێک لەوێ دەبینی
لە سووچی کافێیەک
بە تەنیا
دانیشتووە
بە داڵغەی دنیای تازەوە
چاوەڕێی خوا دەکا
بە یەکەوە
قاوەیەکی سادە بخۆنەوە
ژیان لە تەنگوچەڵەمەی قەبەبوون ڕزگاربکەن
هێندە باریکی بکەنەوە بەکونی دەرزیدا تێپەڕێ.

# بەدیار مۆمەوە

شەو شاعیریی ترە.
شاعیری شەو زۆرن
دڵگیر مەبە ئەی مۆم! تۆ بچووکترینیانی
بە تارای سەرتەوە دەڵێی،گوڵە زەنبەقەی خەوتووی لەناو گۆم.
کلرێژی چاو بە تاریکی، لە پێناو
لەرزینی شەوقی زمان،
هەر لە خۆت دەوەشێتەوە.
شاعیری بەگەورە و بچووکی نییە
ژیانی کورت و خەیاڵی درێژ لە تۆ فێردەبین
لە تۆ فێردەبین سفتی دارشتن

مۆسیقای لەنجە و ئەفسوونی وتن
زۆر شتی تریش.
کتێبەکانمان پڕکردووە لە تۆ
قووبەی بێخەوی شەوی درێژمان ڕووناکە بە تۆ
خەریکە بەرگی کەتانی تۆمان لەبەر دامالْن
خەریکە نەشئەی تۆ بتوێتەوە
بورجی وشەکان لەناو هەوردا
وەهمی پرسەکان ئالْۆزکا و لە یەک لە دەوری تۆدا.
جەور وبێدادی نیشتووە
هەوا بەستوویە
هاودەنگی تۆمە
باکم نییە لە هیچ
نەمووت بەگەورە و بچووکی نییە.

# لە ستایشی مەرگێکدا

کە کوشتیان بۆنی نێرگزی لێ دەهات
دەمی.
هەشتاکان، ڕۆژانی زێرینی بێدەنگی
گەنجێک، هەمیشە بە جلوبەرگی مۆدەوە
ئەنگوستیلەی نقێمداری دەکردە پەنجەی
پرچی بۆ لای چەپ دادێنا
ڕارا لە زەوقی گەیشتبووە ترۆپک
ئەوەشی بۆ ئەوە دەگێڕایەوە، کە سیفەتی ئاوی هەیە
بە شەو و ڕۆژ دەڕوا و زیخ وچەو لە دوای خۆی جێ دێڵێ
شتێکی دەبینی، ئەوانەی تەمەنیان گەیشتبووە کۆتایی پێی
نەگەیشتبوون.
ڕۆژانی منداڵیی خۆی، لە نەبوونیدا نەژاکاند.
هێشتا گوێمان تەواو ئاشنا نەبوو، بە هاژەی چەمەکانی بیرکردنەوەی
کە لە زیندانێکی باکوور! دەست و پێیان
خستە کۆتی زنجیرەوە
هەفتەیەک نان و ئاویان لێ بڕی
لەسەر لەش و ڕوحی خۆی ژیا
تامرد
ئەوجا کوشتیان.

# خۆم لە بیردەکەم لە تۆدا

کەسێک!
بێ پسانەوە شتەکانم تێک دەدا و ڕێکیان دەخاتەوە
کە من دەخەوم ئەو هەر بە ئاگایە،
خەونی بە یەکجاری گواستووەتەوە بۆ ژوورەکەم.
کەسێک!
بێ پسانەوە کتێبەکانم هەڵدەداتەوە
کە من دەنووسم ئەو هەر دەخوێنێتەوە
دەیەوێ دوا دێڕی ژیانم بەر لە من بخوێنێتەوە.
کەسێک!
لەهەر چەمانەوەیەکم ڕاست دەبێتەوە
لەهەر بێدەنگییەکم دەنگ دەداتەوە
کە چرا هەڵدەکەم شارای تاریکییە
کە دەیکوژێنمەوە شەبەنگی ڕووناکییە

لەرینەوەی پەنجەی لەسەر شمشاڵی ئێسقانەکانم
دەنگی پێی لەناو دەمارەکانم بە ئاراستەی پێچەوانە،
منداڵی ڕادەکێشی بەناو تەمەندا
لەبەر شپرزەیی لە دەستی ڕادەکا .
ناڕوونییەک هەیە لە دەرکەوتنی، وەکو شارێک لە ناو تەمدا
یان، شەوقی کۆمەڵە چرایەک لەناو شەپۆلی دەریا.
کەسێک!
جێ پێی بەسەر هەموو شوێنێکەوە
بۆنی لەشی لەناو شیعرەکانم
ناو بۆشاییش پڕە لە هاتن و چوونی
هەقیقەت ئەوەیە،
وەکو گیا تەرزە لێیدابێ ئەنجن ئەنجنە
ئەو کەسە لە مندا ونە.

تکایە! دەست لەو شتانە مەدە
ئەو شتانە تێک مەدە کە نوقسانییان نییە
پێشەمن هەر وایان جێهێشتوون
ئاو،
لە وەتەی هەیە بەو سادەییە دەیخۆینەوە
هەر دەستکاریەکی بکەی تامی دەگۆڕێ
هێشتا هەڵکشێ و داگەڕێ تا ئەوپەڕی بوون
هێزیکی نەگۆڕ ڕایگرتوون

ئەوەی دەگۆڕێ تەنیا کەسەکانن.
کەسێک! دەستکاری من دەکا
نوقسانیم پردەکاتەوە
غافڵە لەوەی دواجار هەر دەبم بە خۆم.

لە ئەزەلەوە،
شەیتان و خودا شەڕیانە لەسەر من.
تکایە،
هێز مەبەخشە بە ئەمیان لەسەر حسێبی ئەویان
هەردووکیان هەر خۆمم
کەسێک!
چ کەسێک؟
وەک ناوکی خۆم .

# ئامادەبوون لە دیمەنێکدا

خەریکە خۆم لە بیر دەکەم بە ئاوازی تووتیەک
دەنگێک دووبارە دەکاتەوە، لە چەشنی چڕنووک لەسەر شووشە بخشێ
ئەو مەلە بەهرەی دەربڕینی نییە، ئەوە دەڵێتەوە کە گوێی لێ دەبێ،
لە ناو قەفەسی ئێسقاندا.
دەنگی جنینی شتێک دێ بە چەقۆ
کاردانەوەی ئەو دەنگەیە؟ یان
ئەوەی،
لە مەتبەخەکەدا، لە ناو قەفەسی ئێسقاندا
وەک کەمانچەیەک بە پێوە
کەوانی ڕوحێکی شکاو، بەسەر تارەکانیەوە

تەنیایی پێ دەژەنێ
دەنگی ئەو لێکخشانەیە؟ ژنێک لەبەر خۆیەوە دەدوێ،
لە ناو قەفەسی ئێسقاندا.
مەلی چوختی تێدەگا لەو هەستە
ملی تووکنی شۆڕدەکاتەوە
بەو هەموو تەمەنەی لە قەفەسێکدا
ناتوانێ شتێک بڵێ ڕاستەقینە بێ
ئەو هەستە برینداری دەکا
زۆر شتی لە دڵە ناتوانێ بیڵێ.
پەڕەکانی هەڵدەکێشی و تووک لە خۆی دەکاتەوە
خەریکە قەفەسەکە بشکێنێ.
کێماسییەک هەیە لە دیمەنەکە، بۆ منیش ناوترێ،
لە ناو قەفەسی ئێسقاندا.

تووتیەکەکان دەنگێک دووبارە دەکەنەوە
مایەی وەڕسییە
لە ناو قەفەسی ئێسقاندا.

# تاعوون

وا بزانم شەوی جەژن بوو
مشکێک چووبووە ژێرزەمینی ماڵەکەمان
دەبوو بیکوژم دەستم تێی نەدەچوو.
ئەو شەوە، دەمامک بەسەرێک لە تی ڤی
نوشتابووەوە سەر مرۆڤێکی قۆڵبەستراو
بە چەقۆیەک،
خەریک بوو سەری ببڕێ.
لە چرکەیەکدا،
چەقۆی ناو تی ڤی بوو بە مارێک دەیفیشکاند
لەو چەقۆیە نەدەچوو کە لە مەتبەخ،
وەک کوکوختی هەڵکوڕمابوو.
بەراوورد نەدەکرا، مەلی باڵبەستەی ژێر تیغ، لەگەڵ مشکی ژێرزەمین.
لە دووریشەوە ماڵێکی ساردوسڕ، دەرگا لەسەر پشت

ژنێکی ئەسمەر و شەش حەوت سەرکەوبنکەی پێخواس
چاوەڕێی هاتنەوەی پیاوێکیان دەکرد
لە تی ڤی کەوتبوو لەژێر سێبەری قورسی چەقۆیەک.
هەتا زووە دەبێ مشکەکە ئازادکەم
بۆ ئەوەی نەچمە ڕیزی خوێنڕێژانەوە
کوشتن لوغمێکە لەژێر پێی خودا!
لێی بەری بە دڵشاد.

# بۆ یادێک لە ڤیزبادن

ژوورێک،
لە ئوتێلێکی کۆن.
بۆنێک لە سەدەی نۆزدەوە
بمتوانیبا وەسفی بکەم: تەختی شکۆمەندی.

ژنێک دەرگا دەکاتەوە
دارچنارێک بە پەلکی پڕ ئاوی، تەماشام دەکا
ئێوارەت باش پاولین ئەلیکسەندرۆڤنا
دیستۆیفسکی لە وێیە؟

بۆنی ئیمانێکی ماندوو
بۆنی یاخیبوونێکی کۆن، بە مەچەکی قەڵەمێکەوە

بە دیار پەنجەرەوە
دەنووشتێمەوە چەند جارێک
بمتوانیبا وەسفی بکەم: ئازاری ئەبەدیی.

پارچە ڕووناکییەک لە مشتمدایە

پارچە ڕووناکییەک لە دڵمدایە
شەرم دەکەم لە بۆنی کتێبێک
شەرم دەکەم لەوکورسیەی دیستۆیفسکی لەسەر دانیشتووە
پارچە ڕووناکی دەگووشم،
مشتم شەقارشەقار دەبێ
دڵم شەقارشەقار دەبێ
هەزاران پارچە ڕووناکی دەکەوێتە خوێنمەوە
لە بێدەنگیدا.
هەوایەکی پاک پڕ هەناسەی مۆسیقا
پەروانەکانی دەلەرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی وزەیەک لە شکۆ
نزامان بۆ بکە میر میشکین!
نزامان بۆ بکە،
لەبەر خاتری ئێوارە
لەبەر ڕەنگی زەرد.

بۆنی ئیسقانی ئیمان دەکەم، بۆنی خەون
بۆنی جەنگی چارەنووس
بۆنی یاخیبوونێکی کۆن
بۆنی مەسیح بە دیار سێدارەی خۆیەوە!

کۆمەڵیک یاریکەر، چەند فیگەرێکی گوناح
چەند ئامێرێکی مۆسیقا، بێدەنگ
خوداوەند فریایان بکەوە.

گوێم لە دەنگی پێیەتی لەناو هەوای پاک
لە پەنجەرەوە ڕووەو دوور
بە ڕەنگی خورمایی
بە دەنگی دەریایی
بە ئاهەنگی ترۆبادۆر
گوێت لێیە دڵشاد؟

یادێکی کۆن لە مەنفاوە
کتێبێکی بێکۆتا
بە پڕتاو ڕاپەڕی
هاوسەری ئەبەدی!

خۆش بەحاڵی ڤیزبادن
بە بیری دێتەوەڕۆژێک، وێنەیەکی گرتووە
بەتەنیشت فوارەیەکی هەڵمیینەوە
شانازیی لەوە زیاتر.
باڵندەیەکی گەورەی هەورین بەسەر سەریەوە
پێویست بە سەرنج ناکا
گومانی تێدا نییە،
ئەو قەیسەرە بە ساڵاچووە خۆیەتی
ئەو باڵندە گەورەیە دیستۆیفسکی.

# گڵکۆی بێ ناو

بایەکی توند لکەکان دەهەژێنێ. باخێکی کۆن.
لەگەڵ پەلکی وەریو فەریکە بێهێزەکان بەردەبنەوە
لە قوڕی نیسان دەچەقن، ناموراد!
وەک سەربازی بێ ئەزموون لە جەنگ لە پشتەوە دەپێکرێن
شیلەی ڕژاویش بە قەدی تۆخی دارەوە ناتوانێ بیانگرێتەوە.
دیمەنی باخ لە حەسرەت بێکەسی دەهەژێ.
تیری غەدری خۆی هاویشت، با. خۆی
بۆ چارەنووسی ئەوها ئامادە نەکردبوو، ئەو هێشتا فەریکە.
ئەوەی بە چاوی خۆی بینی، ئەگەر بەراووردی بکەی
لەگەڵ خۆشی لە ڕادە بەدەری،
ئەو میوانەی بە دارەوە دەمێننەوە. ئەوانەی،
سەرمایە کۆدەکەنەوە، ژیانێکی زۆرتر دەژین
سەرەڕای ئەوەش پاداشت دەکرێن

له سەبەتەی جوان لەسەرخوانەکان دادەنرێن.
سوپاس و ستایشی کردگار دەکرێ بە سایەی ئەوانەوە.
کەچی ئەمانیش،
بێ کەس و ناموراد لەتەک پەلکی ڕەنج بە خەسار
چارەنووس نادیار.
ئەو کردەیە چ دادپەروەری تێدایە؟
نە هاوڕێ، نە دەستی ناسکی خانمێک نە لێوی، نە هەواڵێک.
بایەک! ئەو هەموو ژیانەی بە فەریکی بە با دا.
دڵ لە دڵ مەدەن نامورادەکان
باوەشی خاک ئومێدە، لەوێ یەکتری دەبینینەوە.
لەسەر ئەو فەرشە نەرمە، شەونمی بەهار دامان دەپۆشێ.
کەسەرێک، تفت و تاڵ وەک توێکلەکانمان
ڕێڕەوی بوونمانی گۆڕی، بە کامی دڵ نەگەیشتین. زۆر شتی تریش دەڵێن.
شاعیرێک خەریکە،
ئەوەی ئەوان نەیانتوانی بیڵێن، کتێبی داهاتووی خۆی پێ دەنووسێ
نزای بۆ بکەن ناموراد نەبێ.

# شەڕە پشیلە

لە بنار دانیشتووم، تەماشای بەرزاییی دەکەم. کێو
شڵەژاو، وەک ئەوەی ڕەوە بەرازێک هەناویان هەڵدڕیبێ
ڕێوبانی خوار و خێچ، بە ڕەنگی غەمگینی خۆڵەوە ئاڵاون لە قەدی.
کۆتایی تشرین، تا لووتکە پەڵەی زەردی ڕەزەکان بە گەردنی هەتاوەوە
لەگەڵ ئەوەشدا، هێمای بێتاقەتی،تۆزێکی وەڕسکەر لەسەر پەلکەکان
وەک ئەوەی گەمارۆ درابن، یان، دەردێک بە ڕێگاوە بێ
وەرزێکی گرانیان لە پێشە
چڕنووکی ترسێک گیرە لە دارمێوەکان.

وەک کانفازێک بەسەر باڵێتەوە،
هونەرمەندێکی بێ سەلیقە فڵچەی تێ بئاژنێ، ئاوەها
بە خەتی تێکقژاو، هێمای بێ دەربەستی، وردە وردە تێکقژان
دیمەنەکان .

ئەو شەلاتیانە بەگاڵتەجاڕییەوە،
خوێنی برینی کراوەی کێو نیشانی بینەر دەدەن!
سەرچاوەی هەڕەشە شەیتانی ئامێر نیە،
ئۆردوویان لە بنار چەشنی سەربازگە هەڵداوە
تیمی گەڕۆک بە دوای کانزای گرانبەها، بۆ نەوت دەگەڕێن
لەعنەتی تێکدانی خەونە بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە، ئەو نەوتە.
کۆمپانیایەکی بیانی، دڕندانە دمی تیژی ئاسنی ماشێنەکانی
لە جەستەی ناسکی خاک دەچەقاند
گڕەگڕ و دووکەڵی ڕەش مەلەکانی دەتەراند...تاد.
کانفازەکە بپێچەوە
بالێتەکە هەڵگرە بڕۆ
هونەری قەڵپ.
کێو کەنیزەک نییە
بێ ویستی خۆی
لە بازاڕەکان بفرۆشرێ بە نرخی هەرزان
ڕۆژێک باڵ دەگرن ئەوانیش دەفڕین.

# گۆرانییەک بۆ باوکم

لە شەست ساڵی دەگەڕێمەوە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتێکی کۆن، باوکم گەواهی بۆ دەدەم نەیتوانی بە ویستی خۆی بژی.
لە منداڵیەوە نەگبەتی بێ باوکی، سەرەڕای هەژاری
خێزانێکی دوازدە کەسی و ماوەیەکیش دایک برا و کوڕە خوشکێک
لە ماڵێکی سێ ژووری قوڕدا، ئەو بارە لە کێویش بێ دەڕمێ.
کێ دەڵێ، کە دەمرن ئیسراحەت دەکەن، ئومێدێکی لەوجۆرە لە ئارادا نییە
خۆزگە! ژیان هەر بۆ جارێک دووبارە دەبووەوە.
من کوڕی گەورەی. دڵم دێشێ لەگەڵ ئەو ڕستەیەی لەهەشتا ساڵیدا وتی،
لە ژیانمدا زۆر ماندوو بووم!
درەنگ دەزانرێ باوکەکان چیان لە دڵدایە.
تووکی تەڕی سینەی، یان، لاقی بە مووی باوکم نەدی بە تەڕی

گوێم لە نووزەیەکی نەبوو، نەمزانی گۆرانی دەزانێ، یان نا.
وەک دەریاگەڕێک دەگەڕام لە بن دەریا
مرواری ئارەقەی سەر هەنیەی نەیهێشت بە دوای هیچی تر بگەڕێم
هەر زوو بوو بە برادەرم، وەک دوو کەنار باوەش بکەین بە یەک دەریاوە
من کەنارێکی سادە و دیار، ئەویش نادیار لە سەت لاوە!
وەک کۆپیەکی چەند جارە، نەوە دوای نەوە باوکەکان دووبارە دەبنەوە.
لە نۆزدە ساڵیدا، بە دزی لچکی لێفەکەم هەڵداوە
خۆم خزاندە گەرمای ناو جێی نووستنی، لەو شوێنەی دایکم لێی دەنووست
گوێم لە دەنگی لێدانی دڵی گرت، ئەو شەوەی ئیتر دەبوو بڕۆم
وەک چەخماخە لەناو هەوری ماڵ بێمە دەرێ!
بەو سۆزەی لە دەروونی گەنجێکدا کڵپە دەدا پاڕامەوە لە خودا:
ئەو کانییە کوێر نەبێتەوە کە لە بناری ئەو کێوە قوڵپ دەدا
بە گوێی کردم. سوپاس و ستایشم کرد.
وەک کەروێشک بە زنە و ملەدا ڕێگام گرت
وەک نەمام لە گەورەیی دارستان بەهرەم وەرگرت
کوڕم جگەرە مەکێشە ... کێشام
کوڕم عارەق مەخۆوە ... خواردمەوە
کوڕم شیعر مەنووسە ... نووسیم
کە منداڵم نەبوو، وتی، بامنداڵت ببێ
کە منداڵم بوو، وتی، با زۆرتان ببێ
ئەو نەیدەویست کۆپیەکی ئەو بم، خۆی هەندێک لەو شتانەی هەبوو

که دەیویست من نەمبێ. هەندێک لەو شتانەی نەبوو، دەیویست
من هەمبێ.
لە نێوان ژیانەکاندا بە ناچاری،
یەکیان هەڵدەبژێرین بە هەموو کەم وکورتییەوە.
پەلی هەرچی بچێنی ئەو دەڕوێ، خۆخ نابێ بە هەرمێ. هێلکە چی
بێ ئەو دەترووکێ
جیاوازیەک کە هەبێ دوای باڵقبوونە ئەو کاتیش کار لەکار دەترازێ
ئەوەی ڕۆی ناگەڕێتەوە.
لە شەست ساڵی تێگەیشتم، ئەوەی باوکم دەیویست ئەوەم لێ دەرچوو.

# بە کورتی

لەو شوێنەی خاک دەچەمێتەوە، لە دۆڵ و قەدپاڵ
شیلان و تووترک وگێوژ ڕوواون
شاخ فێنک دەکەنەوە
لەژێرەوە،
دەریای ئاگر بەستوویە تا ڕۆژی کرانەوە
نەموویست ناوی نێم گۆڕستان،
دەریا گونجاوترە.
ڕوحە سپییەکان کە دەردەپەڕن
وەک کەفی زیوین لەکەنار دەمێنن.

بە خەتی بەردین، کە هەر دێڕێکی هەناوی ئۆقیانووسێکە
بورکانێک نووسیوویە، شاخ دیرۆکە. لەکوێ ڕەشبۆتەوە نووسین
ئەوێ شوێنی کەوتنێکە

له جودێ یه‌كه‌م كه‌وتن گۆڕێكی گه‌وره‌یه
له‌پاڵیه‌وه گڵكۆیه‌كی گچكه‌، ده‌ڵێی پێكه‌وه نێژراون،
نووح وكۆتر. ئه‌ویش له‌ناو باڵنده‌كاندا ڕۆژێ هه‌ڵده‌ستێته‌وه
له‌ پێشی گه‌مێیه‌ك
ڕۆژی ئه‌به‌دی ئاشتی.

سه‌ره‌تا،
به‌ میخ و زنجیر
چوار په‌لی هه‌یولیان شه‌ته‌ك دا له‌ زاگرۆس
هه‌مان شتیان دووباره‌كرده‌وه له‌ جاجولسا

وه‌ك داركونكه‌ره‌ ناهێڵێ (ئاگری) بنوێ
به‌فر. له‌ژێره‌وه
هه‌میشه‌ په‌یكه‌رێك ده‌تاشێ
هه‌مووجاریش پێش ته‌وابوون تێكی ده‌داته‌وه.

بازێك له‌ به‌رزییه‌وه ته‌ماشای ڕه‌وه‌زێك ده‌كا
سوپای مشك له‌ بنه‌وه هه‌ڵیده‌كۆڵن
چه‌ند گه‌مژه‌ن نازانن، به‌سه‌ر خۆیان دا ده‌ڕمێ.

ڕه‌وه‌ مامزێكی بێ گوناح
له‌ به‌رده‌می ئه‌شكه‌وتێك

خۆیان بەخشی بە ئێزد
تا شیعرەکانی لەسەر بنووسێ
باوەڕیان بە مەردم نەبوو، دەیانزانی
لە گێڕانەوەدا شتێکیان هەر لێ دەگۆڕێ،

گایەکانیش هەر وایان کرد
ئەو کاتەی گاتاکان وەک پۆلە مەلی ئاوی
لە گۆلی سینەوە فڕین
دەبوو لە شوێنێک بنیشنەوە
لە دالاهۆ لەسەر پشتی تەپۆلکەیەک
یەکەم ڕستەی بەهار نووسرا بە زمانی ئاوێستایی.
ئەم جەستە خاکییە
لە چوار لاوە بەر تیر درا
هەمووجارێکیش هەر بە تیشکی ڕۆژ تیمار کرا.

سروشت و زیندووبوونەوە
وەک جەستە و جلی بەرمان
هەتا دێ شپرزەترە.
بەیانییەک
کاتی زێڕین، ملوانکەی زمانی لە دەست پچڕا
لە هەورامان.
مرواری و ئاقیق پەرتبوون کۆ نەکرانەوە

شیعریان هۆنیەوە لەباتی
هەر وشەیەک بارتەقای سەت بەردی گرانبایی.

ڕۆژی حەشر نزیکە با دووریش بێ
خەونی من دوورە با نزیکیش بێ
لە حەکیم بپرسن، ناو دڵی ڕووبار دوورە، یان، نزیک؟
بۆنێکی خۆزاد، با خڵتەی باهۆز بیبا بۆ هەر کوێ
دوورناکەوتەوە
هەرکەس بۆنیکا بە یەک هەناسە دەیناسێتەوە.
چەوری بن باڵی پەڕندەی ماڵی و تەریوی کێوان،
کەی وەک یەکوایە؟ فڕینی ئەم و فڕینی ئەویان.

چەتەی یەکچاو لە بۆسەدا
ئەختەبووتی براکوژی لە هەموو جێ
خانزاد لەناو کەژاوەدا

گەوهەری ڕەوان بێژە، گەوهەری ڕەوان.

شاخ پیربووە، پیریش سەلیقەی کەم دەبێ
تاقەتی درێژدادڕی نامێنێ
بە کورتی،
هێڵی شیوەن رادەکێشن لە حەمرین، پۆلی باڵندە.

مەملەکەتی لمی غەمگین لە تەنیایدا بەندە.

غەریبی  ماوەیەک وڵات بوو

کۆنترین چینی بەردی گڕکانی شیعرە
قەسەم بەو بەردە تووڕەیە لە گاموورە
کەس بەر تیغی نەکەوێ،
لەو شوێنەی دیرۆک دەچەمێتەوە.

بە فڕۆکە هەموو ئەو شاخانە دەبڕی بە چەند سەعاتێک
لە کۆن کۆنەوە بە پێی کیسەڵ هێشتا نەگەیشتووین.

# به یادی کەشتیە کاغەزینەکانی منداڵی

**بۆ ڕەمزی نافیع و خەونەکەی**

ئەو کەشتیەی لە دەربەندێکی پڕ شەپۆل دەپەڕێتەوە
نە سەرنشینی دیارن نەکەشتیەوان
ڕۆژیش لە تاقی ئاسمان
وێنەی سەر پوولێکی کاغەزە
چاپێکی خراپ کراوە، بە ڕەنگە تەڵخەکانی.
" خەونی پەڕینەوە " ئەوهای ناو دەنێم، یان ڕاستتر ئەوەیە وا هێما دەدا،
پوولی وڵاتی بێ دەریا.
کە لێواری دەریایەک نەگەیشتە ئێرە
بۆ پاشا و میرێکی، بیری لەوە نەکردەوە
بگا بە دەریا
تا شانازی پێوە بکا.

من شتێکی ئەوتۆ لە بارەی پوولەوە نازانم
بەڵام سەفەر دۆزینەوەی خەونە
شتێک سەرکێشی تێدایە
جێهێشتنی شوێنێکە بە ئاوەز و خەیاڵێک

بۆ شوێن و مەبەستێکی دوورتر.
دێوی ڕەش دێ خۆت هەڵمەدە سەر پشتی
دێوی سپی دێ سواری بە
کاروباری دنیا ئەوها دەڕوا بەڕێوە.
مەبەستی پوول ڕوونە
ئەوەی ناڕوونە، مەودای ئاوەکە و ئاراستەی کەشتیی شەبەیخوونە

نەخشی سەر پوولێکی بچووک
هێندەی پەپوولەیەک
بەسەر پۆستێکی منداڵیمەوە دەفڕێ
ئاوەکان هێند بەرز بوونەتەوە
ڕێگا نادەن لەنگەر بگرێ لە شوێنێک.
شڕوشیتاڵی مێژوو لە خۆم دەکەمەوە
کەشتییەک،
لە دەربەندێکی ترسناک دەپەڕێتەوە
سواری بە بە نیازێکی ڕوون
کۆتایی هەر دەستپێکردنێک
بەندە بە هێزی بەردەوامبوون.
کەشتی چرای دەریایە
لەهەر بارێکدا،
سەفەری بەخێر!

# پێویستیم بە کەمێک خۆشییە

ماوەیەکی زۆر، لانیکەم نیوەی زیاتری ژیانم
لەکێڵگە بەفرینەکاندا، دمکی ئازار کێڵای، شۆی داوە
چاندی.
کەس تاسەر بە ئازار ناژی!
بەیانییەکیان، شتێکی تازەم دۆزییەوە
لەناو لەرینەوەی گۆمێک لە قووڵایی
وێنەی من و کەسێکی تر تێکەڵ ببوو
بە زەحمەت دەناسراینەوە، هاوارم کرد: ئەوە منم؟
ڕێک وەکو ناوەکەی خۆم، دڵشاد!
عادەتەن ئەو جۆرە دۆخانە زادەی تەنیاین
لە بارەی دەروونییەوە مایەی گومانن
دوانەی یەککەس!
ئازاری لانیکەم نیوەی زیاتری ژیان و کەمێک خۆشی
ئەو خۆشییە لەپڕ پەیدا بوو
وام لێکدایەوە سەرەتای شێتیە
شێتی ئەستێرەیەک، ئەو هەموو تاریکییە ببڕێ بۆ درەوشانەوە

درەوشانەوە خۆشییە
ڕستەیەکی ئەوها دەتوانێ
ببێتە هەوێنی کتێبێک
بەو مانایەی،شکاندنی قۆزاخە مەستبوونی پەمۆیە
یان شیلەی هەنجیر، بە خۆشییەکی لە ڕادە بەدەر
دەڕژێتە دەرەوەی توێکلەوە.
مەرج نییە پشیلە بۆ ئەوە بمیاوێنێ تا داوای خواردن بکا.
سەمفۆنیای بۆقەکانیش لەشەوی سروشتدا
بەهەڵە تێمەگەن، ئەوان تەنیایی دەژەنن
ئێمە بەزەحمەت تێ دەگەین.
ئاو شتێکی تر دەشکێنێ نەک تینوویەتی.
ئەو جۆرە خۆشییە کرۆکی بەهرەمەندییە
ترۆپکی شێتییە.
"پێویستیم بەکەمێک خۆشییە بە مۆسیقای ئازارەوە "
وەکو دەریا لە قوڕگی پڕ گریانمدا بە پێیەکی ناسک
بڕژێ
کەبمەوێ شتێک بشکێنم
لەقۆزاخەی وڵات بێمە دەرێ
چەشنی شیلەی هەنجیر، بێ دوودڵی
خۆم بدەم بە دەست خۆشییەوە.

# له ناوەڕاستی هاویندا

ئاوی خۆڵەمێش کراوە بە باخچەدا.کات بەیانییە.
گوڵ وڕێنە دەکا، شاعیر لە ژێر درەختێکدا
دەیەوێ بنووسێ.

لەناو گۆمی بەردەمیدا، هاوین
خۆی مەڵاس داوە وەک تیمساح.
گەرما نیشتووەتە سەر پێستی ئەستووری
هەوا بێ جووڵەیە.
باڵندەیەک لە دوورەوە دێ، لە ڕۆخ گۆمەکە دەنیشێ
پێش ئەوەی دندووکی بخاتە ناو ئاو
شتێک لەناو گۆمەکەوە دەردەپەڕێ
لە چاو ترووکانێکدا
ملی باڵندەکە دەگرێ و نوقمی دەکا
گۆمەکەش ورتەی لێوەنایێ.
ئاوی خۆڵەمێش کراوە بە دنیادا،کات دیار نییە
شاعیر وڕێنە دەکا
ئەو باڵندە خنکاوە خۆیەتی
کە لەناو گۆمەکە لاقەفرتەیەتی.

# له کۆتایی هاویندا

هاوین خەریکە خۆی دەپێچێتەوە، نیوەڕۆیە.
چۆلەکەیەک، نیشتۆتە سەر شانی کورسیەک
لە باخچەیەکی گشتیدا
سەگێک وەستاوە بەرانبەری
بە دڵخۆشی تەماشای دەکا،
ژیان ئەو پەڕی بەختەوەرییە.

هاوین خەریکە خۆی دەپێچێتەوە
سەگێک خۆی خزاندووەتە سێبەرێکەوە
کورسییەکی بەتاڵ بەرانبەری
بە غەمگینی تەماشای دەکا،
ژیان ئەو پەڕی بێتاقەتییە.
تراویلکەی گەرما لوول دەخوا
هیچ شتێک لە سێبەر شیرینترنییە.
سەگەکە ئەو ڕاستییە دەزانێ،
بەڵام سێبەریش بەس نییە.
هەوا لەسەر پێ وەستاوە، ئامادەی ڕۆیشتنە،
هاوین.

# موغامەرە لە دورگەی کاغەزدا

ناوم لە تۆماری نفوس کوژاوەتەوە
کەچی هێشتا لەژیاندام و بیر لەپڕۆژەی نوێ دەکەمەوە
یەکێک لەوانە، کۆچکردنە بۆدوورگەیەک!
ئەوانەی ناویان لەو جۆرە شوێنە دەکوژێتەوە، ئەوانەن کەمردوون.
من، نە بەیانی وەفاتم هەیە، نە خزمێکی پلەیەکم
داوایەکی لەو چەشنەی کردووە.
بەبەڵگەو ئیسپاتەوە، هێشتا لەژیاندام.
بۆ ئەوەی بیسەلمێنم هەم؛
نارنجۆکێکم نەتەقاندووەتەوە لە وێستگەیەکی قەرەباڵغدا
یان، بە تەور نەکەوتوومەتە وێزەی پەیکەری ناودارێکەوە
میزم بە نەخشە و وێنەی سەرکردەی وڵاتێک دا نەکردووە
ئەگەرچی هەندێکیان شایانی لەوە زیاترن.
لە باخچەیەکی گشتیدا و لەناو ئاپۆرەی خەڵک
دەست لەناو دەستی ژنێک پیاسە دەکەم کەچل ساڵە خۆشم دەوێ
منداڵێک لەکەنار حەوزێکدا یاری لەگەڵ مراویەکان دەکا

شێوەی باڵ ولمووزی خۆم  دەگۆڕم، خۆم دەکەم بە مراوی!
تا منداڵەکە یاریم لەگەڵدا بکا
خۆم وەکو گوڵ هەڵدەخەم تا پەپوولە لەسەرم بنیشێ
قۆچە باریکەکانی بخاتە زارمەوە بۆ شیلە مژین
هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنم دەژیم؛
دۆسیەی مەخفەرەکانی پۆلیسم پڕ نەکردووە لە وێنەی خۆم
لەسەرشۆستەکان بە سەرخۆشی نەخەوتووم
تیروتوانجم نەگرتووەتە ئەستێرەکانی سیاسەت.
لە هەیوانی ماڵێکی کراوەدا
لەسەر کورسیەکی نایلۆن ڕۆژنامەیەکی کۆنم بەدەستەوەیە
لە سوچێکیدا نووسراوە: لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا
دووەم جەنگی جیهان کۆتایی هات!
پێویست بە دۆسیەی نفوس ناکا بۆ سەلماندنی مانەوە
کە جەنگ کۆتایی هات.

# هێڵکاری بەقەڵەمی پایز

چەند وتم، پایز زوو مەیێ.
خۆ من، لقی درەختێک نیم هەر گەڵام بوەرێ
گوێی نەگرت.
لە گوێ گۆمێکدا، بە خەمگینی چۆلەکەیەک
کە ئۆقرە نەگرێ لە دەزوولەی سێبەردا
تارای ئارمووشی پەلکم لادا، تەماشام کرد:
ئاو لەناو بەردەکان، پایزە.
هەوا لەناو بۆشایەکان، پایزە.
هەموو پایزێک ئەو کاتانە، ڕۆژو مانگ و ساڵەکانم لێ تێکدەچێ
وەکو جارانی منداڵی و ژماردنی ئەستێرەکان
سەرلەنوێ، لە یەکەمین ڕۆژەوە دەست پێدەکەم .
تەمەن کتێبی سیحرێکە ، هەر یەکە و بەهرەی خۆی تێدا دەنوێنێ
بۆ شاردنەوەی نهێنییەکان.
یان یاریکەری ئەکرۆپات لەم پەتەوە بۆ ئەو پەت
بەسەر ساتەکان بازدەدا

بێ ئەوەی هیچ مەبەستێک لە گۆڕیدا بێ،
جگە لە خۆشی ساتەکان.
بە هەمان پەنجەی منداڵی
دەگرم باڵی پەپوولەیەک
پرسیاری باخێک دەکەم کەس هیچی لێ نازانێ
بەردەرگای ماڵەکان پایزە ( بە دەرگای ماڵی یاریشەوە )
بەرمەمکی ژنەکان پایزە
با سەرخۆشە بە بادەی پووشکەوە
چاو سەرخۆشە بە فەزای دەشتەوە
هەر هەمووی پایزە.
ئەوەی باکی پایزی نییە، کاغەزی سپییە لەسەر مێزی نووسینمدا
هەر شەوە و کۆشە گەڵایەک دەباتەوە.
حەرفی ناو کتێبەکان پایزە
شۆڕشی ناو مەملەکەتەکان پایزە .
لەناو قامیشەڵان، شوێنێکی تازە چێ دەکەم بۆ مەلی پایزە
شەوێک دەبم بە میوانی
هەتا بەیانی دڵی خۆمان دەدەینەوە
هێشتا لەو نەشئە و خەیاڵەداین
کە هەورەتریشقە بە پێکەنینی قیژەونەوە بانگمان دەکا،
وەرزی ئێوە کۆتایی هات!

# ناشتنی قەقنەسێک

ئەو چاڵەی،
لەوپەڕی نائومێدیەوە پێی دەڵێن، گۆڕ. کوخێک لەدارستان،
چرایەکی کزی تێدا بسووتێ، ئاوەها هێمن دیاربوو
ئەو کاتەی،
شۆڕیان کردەوە، دەتووت بە پێی خۆی دەڕوا
هەستم بە شکانەوەی ئێسکی شانی کرد لەبەر تەسکی جێگا
بە پەلە لوولیخوارد وەک بای ناو پووش وپەڵاش
پیاوێک، کە بە هەموو پێوانەکان چاوگی تەنیایی بوو
چوو بە یەکجاری لەگەڵ خۆی بژی.
یەکێک لەوانەی ئامادەی ناشتنی بوون
مەزەندەی کرد، یەکسەر بخرێتە مەنجەنیقەوە،
ئیمپڕاتۆری کۆڵان! ئەوها ناوی برد.
لێوەکانی، دەرگای قاسەی داخراو بوون
چاوەکانی،
پەڵەهەورێکت نەدەدی بە سامالّی تەماشایەوە
کەس دڵیشی نەدیبوو بە گەردیلەیەکی گەڕەکەوە.

لە ناکاو
زریوەی ئەستێرەکان هاتن شۆڕیان کردەوە
بە گیرفانێکی گەورەوە
لەسەر دەفەی شانی
لای چەپی
پشتی لە ئێمە، ڕۆی. نەمانزانی بۆ کوێ. بە دڵنیاییەوە.
ئەو سەفەرە دوورە پێویستی بە هیچ نییە؟ بۆ نموونە،
تاقمی تراش، شانەی باغە، فڵچەی ددان، بیجامە ... تاد
کۆڵەپشتێک بەکەرەستە پێویستەکانەوە ، یان شووشە بۆنێک؟
بەم چەشنە کۆتاییمان هێنا
بە ناشتنی.
لێگەڕێن با زیاتر نەشەمزێ
نزامان کرد و گەڕاینەوە دواوە.
لە دوورەوە سێبەرێکی باریک، بە سیپاڵی بەفرەوە
لە مەملەکەتی زەمهەریر دەپەڕیەوە
ساڵێک تێپەڕی و نەهاتەوە
شەوێک، گوێم لە دەنگی پێیەک بوو
بە پلیکانەکان سەردەکەوت
ترپەی ماچەکانی لەبەر قورسایی بەردەبوونەوە
دەریایەک سەردەکەوت بە کەنارەکانیدا
کەس خەوی لێ نەکەوت لەبەر دەنگی.

# گوڵی ئاورشمی لەبیرکراو

ئەوانەی دەچنە پاریس، وێنە لەگەڵ ئیڤڵ دەگرن
ڕێز لە بەهرەیەک دەگرن ناوی گۆستاف ئیڤڵە( کوڕی شەرعی
شۆڕشی فەرەنسا).
لە بارێکی سانت جێرمان ئەو وێنەیەی خۆم لەبیرکرد.
دوای دوو ساڵ چوومەوە
گارسۆنە سۆماڵیەکە ئاماژەی کرد بۆ سندووقێکی شووشەبەند
لەسووچێکی بارەکەدا
پڕ بوو لە شتومەکی لەبیرکراوی سەرخۆشەکان
وێنەی خۆم دۆزیەوە لەگەڵ ژمارەیەک مۆبایل وکلیل وجانتای پارە
هەموویان بۆ یادگاری خاوەنەکانیان هەڵگیرابوون .
لەژێر وێنەکەم نووسرابوو: monsieur pourquoi ؟
پرسیارێکی گونجاوی لێوانلێو لە جەنجاڵی

( بەڕێز بۆ؟ ). ناوێکە لە شێوەی پرسیار، پێویست بە وەڵام ناکا
هەندێک پرسیار کە کاتیان بەسەردەچی دەبن بە گاڵتەجاڕ.
داوای لێبووردنم کرد، پاشان
شەپقەکەم داگرت و سڵاوم لە خۆم کرد دوای ئەو هەموو ونبوونە!
دەنگی ئیڤڵ هات لە شووشەبەندەوە
ڕەنگی ئەسمەرم نیشتبووە سەری
بارەکە پڕبوو لە مۆسیقا بە یادی منەوە
ژنە سۆماڵیەکە وتی، تازە بووی بە هی ئێمە ناتدەینەوە
بەڵام من کەمێک پیرترم لە واقیعدا
کەچی پاریسیی هەمیشە بەگەنجی دەمێنێ، بە وتەی گارسۆنەکە.
بیرەیەکم داوا کردو بەیادی گەنجی خواردمەوە
جەنگەکان خەریکن هەموومان پیر دەکەن.

# ژیانەکان بە دەستکاریەوە

نیوەی ژیانم لە ژوورێکی پڕ کتێب بەسەربرد
نیوەکەی تر دەگۆڕمەوە
بەکتێبێک!
بەم چەشنە هەمووی دەسووتێ بە پووشکەیەک.
زۆر خەونم بە لەشکری گەزنەفوون و سەلاحەدینەوە بینی
ئارەقەی ڕەش و شینم دەردا بە دیار شەرەفنامەوە
ڕۆژێک نابینمەوە لەناو ڕۆژەکانم مەسیحێکم لە دار دانەگرتبێ
خوێن لە قوولترین دەمارم نەجوولابێ لە ترسی خیانەت
دادگایەکم نەدۆزیەوە داوای خۆمی بۆ ببەم لەبن ئەرزدا شاردمەوە
چەند گێل بووم نەمزانی فۆتۆیەکی لەبەر بگرمەوە بۆ یادگاری.
کاتێک شک نابەم بێ جەنگ وڵاتی خۆم دیبێ
قافیەم گیربوو لە هەر سەرکێشیەک شکا
کێشم بەقەد هەموو زۆنگاوەکان قورسە
هەتا خۆم لە چنگی باوەڕە ساختەکان دەرهێنا خەریک بوو ببم بە هەڵم

نە موسڵمانم، نەکریستیان، نە جوو. شتێکم تێدایە لە هەموویان
بە ڕامانێکی سوپەربوودایی،
چاوم لە تەڕایی بن گیایە، بە نەشئەی بەهار.
دڵم لای ژیانە لە بەر دڵڕەقی مەرگ
کێلەکان ماچ دەکەم پێش ئەوەی بیانشکێنم
بە تاسەی زۆرەوە لە شتێک دەگەڕێم بیدۆزمەوە هێشتا نەخوڵقاوە
لەپڕ کتێبی کتێبەکانم بەزمانی پایز وتی، بمنووسە!
کە لەشەستساڵیدا بێ پێشەکی لە **٢٠١٥/٩/٢**
دەستم کرد بە نووسینەوەی.

# بەئەنگوستیلەیەکی مۆرەوە

ئەو شەوەی ئانا ئاخماتۆفام دەخوێندەوە
هەوای سارد لەو دیو پەنجەرەوە،
لەژێر چرای باخچەکەدا هەڵدەلەرزی.
چاوی نیمچە داخراوم نیشتە سەر دێڕێک:
"ڕستەی خۆش دەنووسم لە بارەی داڕمانی ژیانەوە "
خۆش وەکو کەڵەکە بەردی بورجی عاسیٚ،
لە بەردەمی پیاوەکانی جدانۆف.
خۆش وەکو سەبەتەی پڕ تریٚ بە دەستی ژنێکەوە.
داڕماو وەکو ئێوارەی کێلی شکاو
ئێوارەی نەخۆش و مەدهۆش و سەرخۆش
ئێوارەی جەنگ و دوای جەنگ لە کێڵگە پڕ وەحشەتەکان
کە بازێکی سوور بە ئاسمانەوە باڵ دەکێشیٚ بەسەر بەفر
ئێوارەی ئیرهاب و ماڵ بزرکردن
کە سیخوڕیک هەمیشە بە دواتەوەیە،
تەنیشتەکانی نیشاندە
تەنیشتی شینهەڵگەڕاو بە دەست جەللادەوە.

شەوێک کە ئانام دەخوێندەوە
دەستم لەسەر دڵی دانا
بە دەنگی دایکێک دەگریا
بە دەنگی کۆترێک، بە نووزەی کەروێشکێک
" خوایەک شک نابەین ڕزگارمان بکا ".
کەچی،لە پەراوێزی یاداشتی K.G.B دا نووسرابوو، قەحپەیە!
نەیشاردبووەوە کە قەدیسیشە.
پەروانە بە چ پێوانەیەک قەحپەیە؟ گوڵە حاجیلە بە چ پێوانەیەک؟
بە چ پێوانەیەک خائینە تۆوی هەڵاڵە؟
گیا لەژێر سمی ئەسپی جەنگ دەیناڵاند، شەرمی لە ڕووی ئانا دەکرد.
لە تۆڵەی چی بوو، ئێوارەیان خنکاند لەگەرووی؟

من کە شیعردەخوێنمەوە هەموو شتێکی دەرەوەم بیر دەچێتەوە
بەتایبەتیش ئەو شیعرانەی وشەکانیان قورسترە لە ژیان
ئانا ئەو تەقلیدەی شکاند
بەو شتە خۆشانەی لە بارەی دارمانی خۆیەوە بە ژیانی دەوت.

قەدیسەیەک، هەتا شیعر ماوە!
هەڵمی ئەوها هەڵنەستاوە لە هیچ وشەیەک.

گۆڕەکان لە هەموو شوێنێکدا
داپۆشراون بە وشەی ئانا تا دەریاش.
چەند بە هێمنی تەماشای ڕووسیا دەکەن
سێبەری هەتاوە ئانا! لەکاتی کەوتنی زەردەدا
کلیلی دنیای بە دەستە
دڵی نایێ بە تەواوی بیکاتەوە
شەڕکەرێک سێرەی گرتووەو تەماشای پێشەی خۆی دەکا، ڕێک ناو دەرگا
تەنیشتەکانی نیشان دە ئەی ئانا، تەنیشتەکان:
جوتیارێک بەسەر تراکتۆرێکەوە زەوی دەکێڵێ و گۆرانی دەڵێ
مەستێک لەکونجی مەیخانە پیاڵە هەڵدەدا وگۆرانی دەڵێ
ژنێک بە ئەنگوسیلەیەکی نقێم مۆرەوە لەبەر ئاوێنە بەرۆکی دەکاتەوە،
لەبارەی دارمانی خۆشییەوە گۆرانی دەڵێ
منیش ئانا دەخوێنمەوە بە هەمان ئاواز.

# شکاندنی فەرمان

چاکتان کرد شاختان هێنایەوە یادمان، لە یادمان کردبوو
چاکتان کرد بێ کەسیتان هێنایەوە یادمان
کەس لە بێکەسی سەنگینتر نییە.
جیرەی دەرگای جێماودەڵێ،
هەتا باڵندە و سەگ و پشیلەش بێ کەسن لە شنگال.

نهێنی ژێر تاشەبەردین
نهێنی ژێر زەمین
هەر ماڵێک گۆڕێکی بەکۆمەڵە.

بارستایی خشتی مێژووی ئەتککراو
پێخەفی گۆمی خوێن
شۆڕش و ڕاپەڕینی وێران کراو
شنگال! چیت بەسەر هانین؟
لێفەکان گەرمیان نەکردینەوە تا شاخ لێفەی خۆی پێدانەداین.

حەزدەکەم گوێم لەگۆرانیبێژێ بێ
بێ کڕووزانەوە گوێم لێ بێ،
گوێم لە دەنگی سەگ بێ، دەنگی مریشک، پشیلە
دەنگی خوێن لەناو پێڵاو
دەنگی شیش لەناو چیمەنتۆی ڕووخاو.

بەس نییە بێ کەسی؟

پێستی ڕابردوو
نووساوە بە ئێسکی ئێستاوە
مێشی داعش لە هەموو جێ گیزەی دێ.
نان بە تاک
فیشەک بەکیلۆ دەفرۆشرێ لە بازاڕ
مەرگ بە چی ؟

سەری چیا بە گریان داپۆشرا
تۆزی سوارەکان لە دوور
بە نیازی چی دوای حەفتاو چوارەمین فەرمان؟
قەڵەمکێشی وێنەیەکی خۆم دەکێشم
سەری غەدرێکی گەورە
بە جەستەیەکی بچووکەوە.

چیای شنگال پڕە لە داری قەزوان
لەگۆل و زنەی دوورەوە،
پۆلە مەلی مل درێژی پەڕ سپی دێن دەنیشنەوە
دەستە خوشکەکانی نادیە مورادن
ژیان سەرلەنوێ لەو دارانەوە دەست پێدەکا.

١٥/ ١٢/ ٢٠١٥

# کاتی بەسەرچووی پەیکەرتاشێک

لەسەرخۆ، وەک ڕووناکی کە لق وپۆپ لابدا لە پێش خۆی
ئاوەها
بارستایی لادەدا لە دەوری
ژنێکی نیمچە ڕووت،کە خەریکە لەناو گرانێت
دێتە دەرەوە.
تارایەکی تەنکی داوە بەشانییەوە، جەستەیەکی ناسک
خوێن لەسەرخۆ دەڕژێتە دەمارە وەردەکانی.
سەعات پێنجی بەیانییە.
پەیکەرتاشەکە بە دەم قاوەخواردنەوە تەماشای کرد
ژنەکە بزەیەکی تێ گرت و دڵنیای کردەوە،
زەمەن هێشتا پیر نەبووە بەو هەموو چاوەڕوانییەوە.

جوانی لە دەماری ئەستووری پەیکەرتاشدا
کە دەجووڵا
لەبن شووشەی چاویلکەوە کە دەبریسکاوە
ماندوو دیاربوو بە دەست هونەرەوە.
بەڵام هەموو ماندووبوونێک کۆتایی هەیە.
سەعات پێنجی بەیانییە
ژنی ڕووناکی خەریکە پێیەکانی دەسڕێتەوە
بۆ سەفەرێکی دوور خۆی ئامادە دەکا
زۆر بەربەستی لە پێشە، بیری کردەوە
لەپێش هەمووشیان شارەوانی،کە هێشتا نازانێ پەیکەرەکە لەکوێ دانێ
بەربەستی سەرەکیش مەلاکانن، حوکمی وڵاتیان بە دەستە!
ئەوەی لە خەیاڵی پەیکەرتاشدایە، فڕینی ژنی ڕووناکییە نەک نیشتنەوەی
هونەر بۆ بەرزبوونەوەیە نەک هاتنەخوارەوە.
سەعات پێنجی بەیانی
وەک گزنگ کە لق وپۆپ لادەدا لە پێش خۆی
پەنجەرەی کردەوە و فڕی
بەسەر گۆڕەپان و باخچەکاندا
پەیکەرتاشیش بە دوایەوە.

# ئەمریکا

دوورگەیەکی گەورەی ستیل، بە زەحمەت ژەنگ دەگرێ، ئەمریکا
هەمیشە لەئاسمانە، گەرمای زەوی بیرچۆتەوە، ئەمریکا.
من ئالان گیسنبێرگ نیم هەموو شتێکم دابێتە ئەمریکا،
دوو دۆلار و بیست وحەفت سەنت لە ١٧ کانوونی دووەمی **١٩٥٦.**
من ئالان گیسنبێرگم هیچ شتێکم نییە بیدەم بە ئەمریکا.
پێویست ناکا خەون بەکیشوەری دوورەوە ببینم، خۆی
بە کردەیەکی ئەکرۆپاتی گۆی زەوی بەو چەشنە گۆڕی،
لەهەر کوێ بی ئەمریکا لە نزیکتەوە بێ.

ئەمریکا زۆر شتی گۆڕی
هەر ئەوەنا کە ڕەشپێستێکی لە کۆیلەوە کردە سەرۆک
هەر ئەوەشنا کە ڕۆکێتی ناردە مەریخ
هەر ئەوەشنا کە دۆزەخی هێنا سەر زەوی،

لە تورابورا و هەورامان.
هەر ئەوەشنا کە جیهانی کردە یاریگا بۆ خۆی
لەوسەری دنیاوە
شەق لەتۆپێک بدا،
لە خەلیج.

مرۆڤی سوپەرمانی سەردەمی نوێ
خوێنی ڕژایە ناو دەمارەکانی دنیا
خوێنی ئەمریکایی.
ئێستا بەسەر سەرمانەوەیە فڕۆکەی
ئێستا لە ناوماندا دەژی بیرۆکەی.
ئەمریکا!
هەموو شتەکانی دوو بەرانبەری شتی ئاساییین لە قەوارەدا
کەچی کە تەماشای دنیا دەکا، زۆر بچووکتر دەیبینێ لە قەوارەی خۆی
دوای ئەوەی دابەشی سەر ملیۆنی دەکا.
دڵێکی کیشوەریی،
دەمارەکانی نەوتی تێدا دەگەڕێ
چرای بەرژەوەندیەکانی لە هەموو دنیا دەسووتێ
کەچی تاریکی هەتا دێ پەرە دەستێنێ.
چاوم بڕیوەتە دوورااییەکانی
شتێک دیارنییە، ئەویش گەرمای بەزەییە!

ئەمریکا زۆر شتی گۆڕی
هەر ئەوەنا کە ڕەشپێستێکی کردە سەرۆک
هەر ئەوەشنا کە دیواری زیندانەکانی شکاند لە ڕۆژهەڵات
هەر ئەوەشنا کە فڕۆکەکانی ئێستا بەسەرمانەوەیە
ئازادیشی لە قەناعەتەوە گۆڕی بە تەکنۆلۆجیا لە سۆشیال میدیا.
لە دەرمانخانەیەکدا
سێتێک حەبی مەنعی حەمل دەکڕێ
نایەوێ زاوزێ بکا ئەمریکا.

دورگەی ستیل دەبریسکێتەوە
نە ئاژەڵێک دەڵەوەڕێ، نەمێرووەیەک پێ دەگرێ
نە شنەیەک کەرویشکە دەکا لەناو مێرگ
دیمەنەکە هەتادێ دەشڵەژێ
لە پشتیەوە تارمایی خواوەند بە ئاسمانەوە
بەسەر کورسی کارەباوە
بە تاوانی تیرۆر.

# بەسەر هێڵی ئاسنیینەوە

بە یەکەوە هاوتەریب دەڕۆن
مردن و ژیانم
بێ هوودەیی لەوە زیاتر.

گوێم لە شووڵی ترسناکی شەمەندەفەرە
بە پەلە ڕادەکەم بۆ دەرگای فارگۆنێک
سێبەری درەختەکان نووساون بە زەویەوە
هەورەکان شێتانە نزیک دەبنەوە
لە ناوەڕاستی دەرگادا
خەیاڵم دەڕوا:
سەردەکەوم یان،
دێمە خوارێ؟ لێمتێکدەچێ
تەوژمی هەوایەکی بەفرین بەر گۆنام دەکەوێ
بە ئەسپایی خۆم گرژدەکەمەوە
دەست دەگرم بە ستوونی ساردی دەرگاوە
سێبەری درەختەکان دەخشێن

هەورەکان دوور دەکەونەوە
شار لەناو تەمدا.
لە چرکەیەکی بێ چرکەدا
شەمەندەفەرەکە دەڕوا
وێستگەکان بزر دەبنەوە.

هەموو ژیانم لەو سەفەرانە لە کیس چوو
تازە زەحمەتە بگەمە شوێنێک
لە ناشوێنێکدا بەدیار بێدەنگی دەنووشتێمەوە
قیڕوسیا لەوەی ڕۆی.

# گڵکۆی حوبرڕەنگ

دەریا دەمی خۆی دووریوە بەکەنارەکانی
بێدەنگی کەفی هەتاوە،
بە لێوی شەپۆلەکانەوە.
عەتری داهاتوومە دەریا
داهاتوویەک، کەس سۆراخی ڕابردووەکانی نازانێ
چاو دەنووقێنم و پەنجەم دەخەمە سەردڵی دڵۆپێکی
کوتەکوت لێدەدا، دەیناسمەوە
شەوێک من ڕشتوومە بۆ ڕۆیشتنی تۆ!
لێم ڕوونە هەر دەبێ بگەڕێیتەوە
شکۆی هەموو شینەکانم دا بە دەریا بۆ خاتری تۆ
گەرمای هەموو سوورەکانم دا بە کەنار بۆ خاتری تۆ
زیوی هەموو شۆڕشەکانم دا بە شەپۆل بۆ خاتری تۆ
هاژەی هەموو خەونەکانم دا بە هەوا بۆ خاتری تۆ
بە بارستایی چیاکان میتاڵم هەڵچنی لە گەوهەری بێ کەسی
بە قوڵنگی هەستێکی شێتانە کەوتمە هەڵکۆڵینی بێتۆیی

تا ئارەزووەکانم هەمووی بوون بە تۆ
بن هەر کەفرێک هەڵدەیتەوە تۆیەکی لێیە
هەر چۆڵەوانییەک بگەڕێی تۆی لێیە
بانگت دەکەم تا پەردەی ئاسنی مەرگ دەلەرێتەوە
تا کێوی بەفرینی زمانم لە ئۆقیانووسی ناوی تۆ دەتوێتەوە
ناوی تۆم خستۆتە سەر زاری هەموو بایەک
بە پانایی زەوی بە درێژایی کات هەر سەدای ناوی تۆیە
لە شێوەی تۆیە ڕۆژ کە چاو دەکاتەوە
شەویش هەر مەپرسە،
ئەستانەی خۆی چۆڵکردووە بۆ ناوی تۆ
دڵنیا لەوەی دەگەڕێیتەوە
ئێوارەیەکی پەشۆکاو
لەسەر گڵکۆی حوبرڕەنگ
وەکو سەوزایی باخچە لە ڕەگەوە دەژیێتەوە
ئێسک و پرووسکم چاوەڕێن
پڕاوپڕن لە تۆوی تۆ.

# ڕۆیشتن لەناو تەم

تەمێکی خەست دەرەوەی پۆشیوە.
بەو دڵە شکاوەی هیچ دەرەتانی نییە،
وەک ئەوەی لە ئاوێنەیەکی تەڵخدا بەناو نادیاردا بڕۆی
ئاوەها هاتم بۆ ناو تەمی تۆ!
بۆ وەها دەرگات لەسەر خۆ پێوەدا
بێ ئەوەی پێشینەیەکت چرپاندبێ بە گوێی دارستاندا،
کە نزیکترین هاوڕێتە.
بۆ، لەچی تۆرای؟
بەیانی؟ هەر ئەویش بە دەرەوە بوو
جا بەیانی دڵی کێ دەشکێنێ تا دڵی تۆ
چۆلەکەیەک هەراسانی کردی بە فڕینی،
هەر ئەوان بە دەرەوە بوون
ئەوانیش دنیای تۆن
تۆ کە ئامادەبووی ماڵی خۆت بۆ مێروولە بکەیتەوە

بۆ وەها لە ناكاو پشتت كردە مەملەكەت؟
بۆ وەها وەک شێتێک جلەكانی خۆت فڕێ دا
بۆ وەها سروودەكانت هەڵگێڕایەوە لە دژی خۆت
بۆ وەها ماڵەكانت كرد بە دۆزەخی خۆت
بۆ ئارامی گۆڕەكانیشت تێكدا
بۆ خوێنت بە فیڕۆ دا؟
وەڵامی كێ بدەمەوە.
بە پەنجەی تۆ فێری مژینی شیلە بووم
بە ناوی تۆ دەنووستم و بە دەنگی تۆ بە ئاگا دەهاتم
گریانم هەمووی فرمێسكی تۆ بوو
بۆ وەها ئەسپەكانت تاودا تا لە دارستان ونبوون؟
ئەی ؟
ئەی؟
ئەی.

# چەند حەزم لەو خەونەیە

شەست ساڵە، هەزاران کەند وچۆم هێناومی
وەک قومارچی هەرچیم هەبوو دامنا
هەتا کەنارم فراوانتر بوو دوورگە زیاتر بوو
چەتە و پیاوکوژ لەو دوورگانەوە پەلاماری کەشتیەکانیان دام
فریشەکانی دەریام خنکان لەناو کەفی زیوینی خۆم
مەستانە لوولم خوارد لە دەوری ئاوی خۆم
شێتانە گێژم خوارد بە دەنگی شەپۆلی خۆم
بێتاقەتی ژماردنی شەو و ڕۆژەکانی وڵاتی خۆمم
بێتاقەتی وەرزە بێ سەلیقەکانی خاکی خۆمم
هوزاری یاریکەری سێرک لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ
لەبەر چەوری دەوری قوڕگی
بەڵغەبابەی شۆربۆتەوە! خوێندنی لە بیرچۆتەوە.
کێڵگەکان خەمگینتر لەو هەوری هاوینەی بەسەر سەریانەوە
پەیژەی بەردینی چیاکان غلۆرمان دەکەنەوە
موژدەی پەیامبەر و شۆڕشگێڕەکان زەمەنیان لەکیسچوو.

شەست ساڵە گوڵەکان بێتاقەت بەسەر چڵەپۆپەکانەوە
دڕکەکان خۆیان مەڵاس داوە لەژێر گەڵاکاندا
موعجیزەیەک ڕووی نەدا وەک فەنەری ناو دەریا خەونەکانمان ڕاکێشێ
پێدەچێ کەڵکیان نەمابێ سەوڵەکان
بێتاقەت بە دەست ژیانەوە سەردەدەم لە دیواری ماڵی خۆم
چڕنووک دەگرم لە جەستەی بێتاقەتی خۆم
لەگەڵ جەمعی سەرخۆش و مەدهۆشان
قیرۆسیا!
شێرکە پیربوو هێزی ڕاوکردنی نامێنێ
هەڵۆش هێزی فڕینی نامینێ
لەگەڵ ئەوەشدا شێر هەر شێرە وهەڵۆش هەر هەڵۆیە.
بەو هەیبەتەی کە سەرچاوەی لە ماجەرای ڕۆژەوەدێ
بەو دەنگەی لە قووڵایی شەوەوە دێ
بەو باڵانەی بەدوای خۆیانەوە دەخشێن
سەرلەنوێ ڕەنگڕێژ دەکەمەوە شیعرم خۆم
بێ ئەوەی چرکەیەک بوەستێ دەماری پڕ خوێنم
ئیمانم بە شەونمی سەر پەلک بە تینە!
ئیمان بە گەورە و بچووکی نییە.

# کەوتن لە بەرزاییەوە

**وەرزی ناوەرزی**

منداڵیی فەریکە سێوە
بە هەمان مەنتیق، پیریی
دارێکە پڕ فەریکە سێو.
لە نێوان منداڵیی و پیرییدا
سێو ئەوکاتە پێدەگا
کە دەمرین.

**گلگامیش**

لە ژیاندا نەمریی نییە
ئەوەی نەمریی دروستدەکا
مردنە.

**دەرگا داخراوەکانی ئەوسەر**
کلیلی دۆزەخ ونە
کلیلی بەهەشت ونە
مەرگ هەموو کلیلەکانی ونە.

## ستایشی شیعر

شتەکان دەمبەن بۆ لای مەرگ
شیعر دەمهێنێتەوە بۆ لای ژیان
بۆ ئەوەی مەرگ زەفەرم پێ نەبا
دەبێ هەمیشە شیعرم
شوانێکی چاپووک بێ.

# وشەی جوانەمەرگ سەرنجم ڕادەکێشێ

[ ئەوەی سی ساڵ دەژی
ماندووە بە دەست ژیانەوە
ئەوەی شەست ساڵ دەژی
ماندووە بە دەست تەمەنەوە
ئەوەی نەوەد ساڵ دەژی
ماندووە بەدەست مردنەوە
نزای دۆستانە،خوا ڕەحمی پێبکا.]
لە کتێبی ئەلفوبێی ژیان بۆ هەمووان ئەمەم خوێندەوە.
بەمجۆرە،
ئەگەر ژیاننامە بنووسنەوە:
ئەوەی سی ساڵە، دەڵێ، ژیام.
ئەوەی تر، بە هەر بیانوویەک خۆی دەدزێتەوە
تاقەتی نامێنێ باسی ژیان بکا.

کە گەیشتە تەمەنی کۆڵکەدار!
هیچیانی لەبیر نامێنیٚ،
نە مەرگ نە ژیان . *

* هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەگەر لە سی ساڵیدا کۆتاییم بە ژیانی خۆم هێنابا
کە چەند جارێک بیرم لێکردەوە و جۆری خۆکوشتنیشم دیاریکرد
خواردنی حەبێکی زۆر بە یەکەوە، یان خۆ هەڵدان لە بەرزاییەوە
وشەی جوانەمەرگ کە جوانترین وشەی ناو فەرهەنگی کوردیە،
لەژێر وێنەکەم دەنووسرا. بە تەکیشیەوە، خاوەنی " سووتانی ڕەنگەکان
".
لە ڕێکخراوێکی چەپ کارم دەکرد،
ئەگەر بەعس بیگرتبام و بە توومەتی تێکدانی ئاسایش ئیعدامی کردبام
دەخرامە لیستی شەهیدانەوە.
نەمکرد و پەشیمان نیم
" مردووەکان شتێک دەزانن ئەویش ئەوەیە،
ژیان خۆشترە لە مردن " هێنری جێمس.
سەرلەنویٚ لە ڕستەی تازەدا دەستم پێکرد
خەونەکان هەتا دیٚ گەورەترن، جێیان نابێتەوە
سنوورەکانم شکاند بە ڕیتمی نویٚ
لە شەست ساڵیدا
کەڵکەڵەی نووسینی کتێبی ترم لە کەللەدایە.
لە دوورگەیەک دەگەڕێم، دوور لە فەوزای ڕۆژەکان بۆ هەڵڕشتنیان.

ئەوەی لێی دەترسم ئەوەیە،
دواجار بگەم بەو ئەنجامەی، ئەوەی نووسیوومە هەمووی
" سووتانی ڕەنگەکان " ە بە ڕیتم و شێوەی جیا.
ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە، ئەو حوکمە من نایدەم.
وەک تووشبوویەک بە نەخۆشی درێژخایەن
بێ ئومێد لە چاکبوونەوە، سێبەری خۆم رادەکێشم لەناو وشەدا
کۆتایی تەمەنیشم سپاردووە بە وشە
لە بێدەنگی ئەو دنیادا.
لەسەر پاکێتی ژیانی تایبەتیم نووسیوە،
هێشتا ماومە
لێگەڕێ بنووسم
لە کۆتاییدا.

# خەون و شێتیی

ڕووبارێک لە سەرمدایە
شەوان گوێم لە هاژەی شەپۆلەکانیەتی
بەیانیانیش ئاوێکە ئارام.
گڕکانێک لە سەرمدایە
شەوان گوێم لە ناڵەی هەناویەتی
بەیانیانیش خاکێکە ئارام.
شەیتانێک لە سەرمدایە
شەوان گوێم لە قیژەو هاواریەتی
بەیانیانیش کەسێکە ئارام.
تاشەبەردێک لە سەرمدایە
شەوان گوێم لە خڕەی کەوتنیەتی
بەیانیانیش لووتکەیەکە ئارام.
چەند ڕۆژێکی تر
ڕووبارەکە کەنار دەشکێنێ
گڕکانەکە دەتەقێتەوە

شەیتانەکە دێتە دەرێ
تاشەبەردەکە گل دەبێتەوە
ئەگەر گریمان شتێک لە مندا مایەوە
قوورِولیتەی ئەو ڕووبارە و
پاشماوەی ئەو گرِکانە و
لەعنەتی ئەو شەیتانە و
وردوخاشی ژێر ئەو تاشەبەردەیە.
قەقنەسێک لە سەرمدایە
ئومێدم بەو باڵندەیە
شەوان گوێم لە فرِکەی باڵەکانیەتی دەکێشێ بە خۆیدا
بەیانیانیش خۆڵەمێشێکە ئارام
لەو خۆڵەمێشە دروست دەبمەوە.

## پەلکەزیوینە

***هەر یەک لەو پارچانە سەربەخۆن***

بەرانبەر دارستان دەنگم بەرزکردەوە
دایکم وتی، رێزی گەورە بگرە کوڕم
دارستان دەنگی بەرزکردەوە
دایکم وتی، گوێ لەقسەی گەورە بگرە کوڕم
بێدەنگیم هەڵبژارد
نە لە من دەنگ و نە لە دارستان دەنگ و
نە لە دایکم دەنگ
لەوساوە سێگۆشەیەکی بێدەنگین
من و دایکم و دارستان.

مەم وزینی ئەحمەدی خانیم خوێندەوە
بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی دڵی خۆم
دۆشدامام کێ بکەم بە سەرۆکی؟
لە زین باشترم کەس نەدۆزیەوە
قیرۆسیا ئەگەر فرۆشتیشی بە ماچێک.

لە دووکانی ئاسنگەرێک: زمان ئاسنە
تا توندتر لێیدەی بە چەکووش باشتر دەچەمێتەوە.

شەربەتی وشە خوێنەر دەیخواتەوە
تڵپە و خڵتە دەمێنێ بۆ نووسەر
نموونە، ئارسەر ڕامبۆ.

باخەوانێک نەمامی دەچاند
دەتووت دڵی خۆی دەنێژێ مەولانایی.

پێڵاوەکانیشم، بەراورد دەکەن:
خۆڵ و تۆزی ئەوێ بۆنیان خۆشترە
تێدەگەم مەبەستیان وڵاتە.

ئەستێرە کە دەشکێ پارچەیان هەڵدەگرمەوە
ڕۆژێک، دەیانکەم بە قەڵا بۆ
حوکمداری خۆم.

ماڵەکەم دوو نهۆمە
سەرەوەکتێبەکانمە وەک تاج دەبریسکێتەوە.

ڕۆژنامەکان ناخوێندرێنەوە
لەبەر ڕستەی پڕ چاڵ و چوێڵ
ماسییەکان نابینرێن لەناو گۆمی لێڵ.

هێندە سووک بووە گۆی زەوی
منداڵ تۆپانێی پێدەکەن.
لە پارکی شار ژن و پیاو دادەنیشن
بە کۆش گوڵە بەڕۆژە دەشکێنن
لە خەمی وڵات.

کوللە فێربووە گەڵای باخچەکەم دەخوا
قەدری گوڵ نازانێ
گرینگ ئەوەیە سکی تێر بکا.

چای دەستی ژنێک دەخۆمەوە
حەسرەتی چاوی تۆخترە
لە ڕەنگی ناو پیاڵە.

ژنێکی کەڵەگەتە شیعر
خۆم بەرزدەکەمەوە بۆ ماچی
وەکو سێو بەسەر لقەوە دەبریسکێنەوە
لێوەکانی.

کورسیەکەم گلەیی دەکا:
زۆر لەسەرم دانیشی
ڕەونەقم نامینێ.

تارمایی کوژراوێک لە دوورەوە
لێی نزیک دەبمەوە
خۆمم
بولبلی ئەوین حیسامەدینی حاجری.

بە تەنیا بە شەقامێکدا دەڕۆم
دڵم بە دارتێلەکانەوە شۆڕبۆتەوە
یەک لە دو یەک دەکوژێتەوە
بە یەکەوە بە شەقامێکدا دەڕۆین
دڵمان بە دار تێلەکانەوە شۆڕبۆتەوە
یەک لە دو یەک دادەگیرسێ.

شەو هێندەی بۆ تێکردم
بەیانی بە مەستی
کەوتمە کێوان.

ڕووبارکەناری هەڵدەتەکێنێ
تا ئارام و لەسەرخۆتر بڕوا
من هەتا کەنار هەڵدەتەکێنم
بە تاو و خێراتر دەڕۆن شیعرەکانم.

دەستێکی گەورە لە دەرگامی دا
کە کردمەوە
دارستان هاتبوو بۆ سەردانم.

دەنگی مێرووله دەبیستم
لەسەر پەڕی سپی
بە زمانی من قسە دەکا.

بە درێژایی ڕۆژ
لە کەنار
دەریایەکی بێ ئاو.

نانی بەیانیم لە تەماشای
ڕووی تۆ خوارد
کە نووستبووی.

سەما دەکا خۆڵەمێشم لە حەژمەتی دووریت.

جاران ئەستێرەکانم دەژمارد
ئێستا ڕۆژەکانم.

دەستی هەڵگرت شەو
لە خواردنی ئازارەکانم
سەر سفرە پڕە لە ئێسک و پروسک.

بڕستی لێبڕا پشتم
لە ڕێی دوور
بەو بارە گرانەوە.

تاقەتی چرۆ دەرکردنی نەما
خەون.

پێڵاوی ئاسن دەکەمە پێ
زبرە ڕووی هەموو شتێ.

ڕوو وەرمەگێڕە لە دنیا
ڕووی دنیا وەرگێڕە
بۆخۆت.

بیر پڕبووە لە پاشماوە
ژمارە ( ٠٧٥٠٤٥١٢٧٨٦ ) لێدەدەم
بۆ پاککردنەوەی.

# پایز

سێبەری درەختێک
کورسیەکی چۆڵ
کەسێک دێ و دادەنیشێ
بەدەم داڵغەوە جگەرە دەکێشێ
جگەرە دەکێشی و داڵغەلێدەدا
کە هەڵدەستێ بڕوا
هەرچی گەڵایە بە دوای دەکەون.

کورسیەکی چۆڵ لەژێر درەختێک
بە خەمگینی.

# دڵی خۆم

کە گوێ دەگرم لە دڵی خۆم
سەررێژی ئەڤینە
ئەم دانپییانانە شۆڕشی سەرلەبەری ژینە
لەو کاتەوە ناسیومە
سادە و بێ گرێ وەک بەفری یەکشەوە.

دوورایییەکان کێوی خوێش بن
تاوەکان زامی بە سوێش بن، بە ئاسانی یەک دەگرنەوە.
نە مەودا دەمێنێ نە ماوە لە باوەشی ئەو دڵەدا.

پەرستگای ڕووناکم سڵاو ! ئاوێنەی زۆر پاکم سڵاو!

یەک گەوهەرە و شێوەی جیاوازی گرتووە
یەک شەرابە گۆزەی جودای پڕ کردووە
لە سەمادا
ئەم گەردوونە گێژخواردووە.

نەوای بیرەنگی دێتە گوێم

لەو دڵە بێ ئارامەی خۆم
لەو دڵە ئاوێتەیەی خۆم
چونکە هێشتا ڕەنگی تر ماوە بخەملێ هێشتا زایەڵەی تر ماوە بپشکوێ
هێشتا ستەمی تر ماوە لە خوێن هێشتا ناهەقی دەکا سێڵاوی
هێشتا لە قووڵاییەوە دەسیسەی دڕکاوی دەجمێ
هەوا دەخنکێ لە پاڵەپەستۆی فەرامۆشکراوان
دنیا دەڕووخێ بەدەستی تاوان.

لە خامۆشی قەڵاتەوە،
کە چۆکی خستۆتە سەر سینەی شار
لە سیمای زەردی پەنجەرەوە کە تەماشای تاریکی دەکا
بە چەپۆک لە پەراسووم دەدا ئەو دڵەی من!
چرا ناکوژێنێتەوە ئەگەرچی پێویستی بە خەو شکاندنە.

بێکەسی شەو بە دیواری ماڵی غەریبانەوە
کە دەرگاکانیان لەبەر کوێرەوەری دیارنین تا ناو قەدیان
چەند هاواری ناشاد لە سووچی نادیار گووشراون
هونەری شیعریش بێچارە پێشنیازی تیشکبوون دەکا
کە سەرچاوەی مانەوەیەتی
بەو قوڕبەسەریەوە دەژی!

گوێم بە کرتەی ئەو ساتانە ئاشنایە کە موتووربەی شوێنێک دەکا

به داهاتوو، یان لقی دار، کاتێک دەپاچێ بۆ ژیانێکی نوو
چەند باوەڕی بە خۆرەتاوە وەک دۆستی دێرین
چەند پشت ئەستوورە بە ئەڤین وەک جۆگەی زیوین
لەکلاوڕۆژنەی ئەو لێوەوە تیشکی بۆ دەهاوێ کە بۆتە هاوڕازی.

لە ماڵی دوورم نزیک بەوە بەهارێک!

خۆرێکی ڕەش لەوەتەی هەیە هەڕەشە دەکا
کانگای تاریکیی لەوەتەی هەیە هەڕەشە دەکا
مل کەچ ناکا ئەو دڵەی من!
خۆشی هەر هێندەی چۆلەکەیەکە.

کە خۆم و خۆی دەبین،جریوەجریوی نەشئەیەکی بێ هاوتایە
ئاوازی لەرینەوەی پەردەی نێوانی بوون و خودایە
ئەو شتانەی توورەی دەکا، زۆرجار نادیارە،
نە من پەی پێ دەبەم نە ئەو!
هەر ئەوەش دەبێ بە شیعر.
دەزانم ئەو کەیفی بەوە خۆشە
گڕناگە دەگرێ لە وشە، دەم دەنێتە گۆی مەمکی تا چکی دەکا
لە خۆم ناچێ، من بە تاماشای حەوت ساڵان لە هۆش دەچم!

گوێ هەڵدەخەم بۆ برووسکەی دەرپەڕینی
سەرزەمین کە گوفەکە دەبێ بە باخی زێڕین.

وەک مۆمێک بە دیار شەوەوە،
دادەنیشم بە دیاریەوە
نە شەو دەبڕێتەوە نە ئەویش دەخەوێ.
گاهێ تۆراو گاهێ تاسەباری هەموو شتێک
شتی وام دێنێتەوە یاد دەمێکە لە یاد کراون
هەمووجاریش کە دووردەکەومەوە لە خۆم
دەستم دەگرێ و دەمگەڕینێتەوە لای خۆم
تووڕەش بم لە خۆم. ئاشتم دەکاتەوە لەگەڵ خۆم
عەشقی خۆمە ئەو سەگبابە!
کە دەچێتە دەرەوە، دەڵێی دەرۆزەکەرە!
هەرچی دەستکەوێ خڕی دەکاتەوە
لە شەقام و گۆڕەپانەکان لە بەردەرگای باڕەکان
لە ژێر پێستی دێوانە و بێلانەکان
بە یەکەوە شەودەکەینەوە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان
دنیایەک سەرمایەی کۆکردۆتەوە، حەیف بازاڕی نییە!

گوێ لە دڵی خۆم دەگرم تێدەگەم:
ئەو هەموو لەتە ژیانە ژیانێک ناهێنێ، ژیانێک
لە دەرگایەک بێیتە دەرێ وگەڕانەوەی نەبێ
شەرتی ژیان گەڕانەوە نییە، ڕۆیشتنە
بە ئاراستەی چەخماخە.

# پێش کۆتایی

هەندێک زمان پێویستی بە چەکووشە بۆ شکاندنی بتەکانی
بت پێویستی بە زمانە
هەندێک خوێن پێویستی بە ژەهرە بۆ تێکشکانی
ژەهر پێویستی بە خوێنە
لە ئادەمیەک بپرسە لە بەرزی، کوێ دیارە؟
لە ئادەمیەک بپرسە لە نزمی، چی دیارە؟
لە ئەشکەوت، لە کوخ، لە دارستان
لە کۆڵان، لە گۆڕەپان، لەماڵەکان
هەر ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە
هەر ئەو ڕستە دەوترێتەوە
کە یەکەمجار، چاو ویستی بیبینێ، نەیبینی
زمان ویستی بیڵێ، نەیووت

هەر ئەو نائومێدیە دەزرنگێتەوە
هەر بێدەنگی دەمینێتەوە
هەر ئەو بۆشاییە
گەورە دەبێ.
لە شوێنێکدا
لە هەموو شوێنێک،
هەر ئەو ئادەمییە بە دیار پەروانەی ئاسیاوەکانەوە
هەر ئەو بە سێدارەکانەوە
هەر ئەو لە پشت شیشی زیندانەکانەوە
هەر ئەو ئادەمییەی یەکەمجار
پشتی کردە خۆی
کە ئاوڕی داوە، کەس دیار نییە
پەنای برد بۆ خوا.
زەمەنێک پێویستە بۆ شکاندنی بتەکان
زەمەنێک بۆ گەڕاندنەوەی شکۆی ئینسان.

# لێرە بە دواوە

بایەک لە باکوورەوە هەڵدەکا
ئەی با دەچیە کوێ؟
کەس نەماوە هەواڵی منی بۆ ببەی
بایەک لە باشوور هەڵدەکا
ئەی با دەچیە کوێ؟
کەس نەماوە هەواڵی منی بۆ ببەی
بایەک لە لای مەیخانەکانەوە دێ
بمبە لەگەڵ خۆت ئەی با
دۆستەکان لەوێن
پیاڵە لە پیاڵە دەدرێن.